# غەمێکی مەعنەوی
# بۆ قەیرانی ماددی

"پرۆژەی ناوەندە هەژان، بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان"

# غەمێکی مەعنەوی بۆ قەیرانی ماددی

**"برۆزەی هەزان، بۆ دۆخی هەریمی کوردستان"**

**لە برۆزەکانی ناوەندی هەزان بۆ فیکر و مەعنەوییەت**


- نووسینی: کۆمەڵێک نووسەر
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- بابەت: هزری سیاسیی
- نۆرەی چاپ و ساڵ: یەکەم، ٢٠١٦.
- چاپخانە: چاپ و پەخشی ڕینما

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٠٤١)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

# ناوەرۆك

**پێشەکی** ........................................................................................ ٥

**یەکەم:** دیرۆکی قەیرانی ئابووری کوردستان
محەمەد حەسەن، پسپۆڕی ئابووریی و مامۆستای زانکۆ ...... ٩

**دووەم:** لایەنی هزری قەیرانی ئابووری کوردستان
م. تەحسین حەمەغەریب، ڕووناکبیر و مامۆستای زانکۆ .......... ١٩

**سێیەم:** بەرپرسیارێتی خەڵک لەم قەیرانە
م. نوعمان محەمەد، شارەزای فیکری دینی و مامۆستای زانکۆ ٢٧

**چوارەم:** ئەزموونە فەرامۆشکراوەکان بە جەختکردنەوە لە رۆڵی بازرگانەکان
هەردی مەهدی، نووسەر و مامۆستای زانکۆ ............................ ٣٥

**پێنجەم:** ڕوانین بۆ قەیران
د. سەلمان نادر، ڕۆشنبیر و توێژەری فیکری دینی .................... ٤٩

**شەشەم:** ئەخلاقیاتی سەردەمی نوێ و مامەڵەکردن لەگەڵ قەیراندا
موسعەب ئەدهەم نووسەر و ڕۆشنبیر ........................................ ٥٧

**حەوتەم:** لێکدانەوەی سایکۆلۆژی بۆ قەیرانی دارایی و...
د. زامدار محەمەد، پزیشکی دەروونی و مامۆستای زانکۆ ........ ٦٧

**کۆتایی** ........................................................................................ ٧٧

# پێشەکی

قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان، ئەو بابەتەیە کە لە ئێستادا زۆرترین سەرقاڵی لە ڕووی کارگێڕی و سیاسی و زۆربەی بوارەکانەوە بۆ هەرێم دروستکردووە، ئەگەر واز لە کایەی دەسەڵات و بواری کارگێڕی بهێنین، و لە نێو خەڵکەوە بۆ ئەم ڕووداوە بڕوانین، لەمسی چەندین دیمەنی تراژیدی و نائاسایی دەکەین. سەرەتای قەیرانەکە شۆکێک بوو، کە خەڵکی وەستاندوو زیاتر ئاوڕی لە چەند ساڵی ڕابردووی پڕ ڕەفاهیەت پێدانەوە.

هەرچەندە ڕەنگە ئەوە ڕاست نەبێت ئەوەی کە ڕوویداوە ناوی قەیران بێت، چونکە قەیرانیش بۆ خۆی ڕەگەزی پێکهێنەر و سیما و پێوەری جیاکەرەوە و ناسێنەری خۆی هەیە، و وادیارە هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی سەختتر لەوەدا دەژی کە پێی بوترێت (قەیران)، بەڵام بە پەیڕەویکردن لە زمانی گشتی خەڵک و میدیا و زمانی فەرمی حکومەت، ئێمەش لێرەدا هەر هەمان زاراوە (واتە قەیران) بۆ شرۆڤە کردنەکەمان بە کار دەهێنین.

ناوەنــدی هەژان پــاش چەنــد کۆبــوونەوەیەک لە مــانگی شـــوباتدا، لەگەڵ چەنـــد کەســـایەتییەک لە ڕونـــاکبیران و مامۆســـتایانی ئـــایینی و شـــارەزایان، بڕیـــاری ئەوەی دا کە شرۆڤەیەکی چەند لایەنە بۆ بارودۆخی پاش قەیرانی هەرێمی کوردستان لە دوو توێی نامیلکەیەکدا بە ئامانجی بەهێزکردنی هەناسە مەعنەوی و خاکیەکانی خەڵک و بەرگەگرتنی زیاتری بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارەکان، ئامادە بکات.

لێـــرەوە ئەو چەنـــد سەرباســـەی کە لەم نـــامیلکەیەدا ئامادەکراوە، بۆ خەڵکە و ڕوو لە هاووڵاتیانە، ڕووی گوتار لە حکومەت و دەسەڵاتداران نییە، زۆرتر بە ئاڕاستەی داهاتووە و کەمتــر چــاوی لە ڕابــردووە، کــردنەوەی دەرگــایەکە بەرەو گۆرانکــاری لە خــود و جێهێــشتنی ســلبیاتەکانی ســەردەمی رابردووە، سوود وەرگرتنە لە قەیران بۆ بیناکردنەوەیەکی نوێ و خۆ سازدانەوەیەکی نوێ لە ئاستی تاک و گروپە بچوکەکانی کــۆمەڵگە. ئەمەش لەو بــاوەڕەوە ســـەرچاوە دەگرێـــت کە گۆڕانکــاری گەورە ئەوەیە کە دەبێــت لە خــوارەوە و لە نێــو خەڵکەوە دەست پێبکات نەک لە سەرەوە.

هەمــوو ئەوەی کە لەو چەنــد پەرەگــرافەی لەم نـامیلکەیەدا نوسراوە، بە مانای ئەوە نییە کە نابێ هیچ گوتارێک ئاراستەی دەســەڵاتداران و بەرپرســانی هەرێمــی کوردســتان بکرێــت و ڕەخنەی هەمە لایەنەیـان لێنەگیرێت، و هەروەهـا ڕووبەڕووی

بەرپرسیاریێتی نەکرێنەوە، بەڵکو ئەوە ئەرکێکی نیشتیمانی و پرۆسەیەکی هەمەلایەنە و درێژخایەنە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا لەسەری وەستاوین و کارمان لەسەر کردووە، بوارێکی دیکەیە کە گرنگییەکەی ئەگەر لەو بوارەی کەتیایدا رەخنە لە دەسەڵاتداران دەگیرێت، زیاتر نەبێت، کەمتر نییە.

هەر بۆیە ئەو هەڵە گەورەیەی کە لە بەرێوە بردنی وڵاتدا هەبووە و هەیە، تەنها خوازیاری ئەوە نییە کە دەسەڵاتداران بە خۆیاندا بچنەوە و لە هەوڵی خۆ گۆڕیندا بن و بیرکردنەوە و رەفتاری خۆیان چاک بکەن، بەڵکو ئەم قەیرانە خوازیاری ئەوەیە کە خەڵک و هاووڵاتیانیش پرۆسەی گۆرانکاری لە خودی خۆیانەوە دەست پێبکەن و بچنە ئاستێکی دیکە لە ڕوانین و تێگەیشتن و خۆڕێ کخستن لەگەڵ ئەم هەلومەرجە نوێیەدا.

# یەکەم:

# دیرۆکی قەیرانی ئابووری کوردستان

**محەمەد حەسەن**

**پسپۆڕی ئابووریی و مامۆستای زانکۆ**

## قەیرانی دارایی هەرێم

لەپاش جەنگی ئازادی عێراق (٢٠٠٣)، دۆخێکی نوێ بۆ ژیان و گـوزەرانی کـوردانی باشـووری کوردسـتان هـاتە کەیـاوە، بەرەنجـامی ڕەویـنەوەی تـرس و خەمەکـانی ڕژێمـی عێـراق و بەشداری و پشکداری لە پرۆسەی ئیداری و سیاسی و دارایی عێراقـی فیـدراڵ. کە پاشـتر یەکگـرتنەوەی ئیـدارەکانی کـوردی بەدواهـات و لە چوارچێـوەی حکـومەت و پەرلەمـانێکی نـیمچە یەککگرتوودا پرۆسەی دەسەڵاتداری بەڕێوەدەبرا.

بە سـوود وەرگـرتن لە بەشـە بـودجەی حکـومەتی هەرێمـی کوردستان کە بە(١٧%)ی بودجەی عێراق دەستنیشاندەکرا (کە ئەمە جموجـوڵێکی بازرگـانی قەبـارە گەورەی دروسـت کـرد لە هەرێمی کوردستاندا)، قۆستنەوەی دۆخی سـەقامگیری ئاسـایش لە سنوری هەرێمی کوردستان لەناو جەنگەڵ و ئاگری تیرۆر و ململانـێ و یەکتـر سـڕینەوەی مەزهەبـی لە ناوچەکـانی تـری عێـراق، و پەیوەنـدیە دبلۆماسـیەکانی هەرێـم لەگەڵ ڕێکخـراوە نێودەوڵەتی و وڵاتانی دونیا... کوردستان گەشەسـەندنێکی خێرا و کاریگەری ئابووری و مرۆیی بەخۆوە بینی و بووە جێگای گموحی گەورە سەرمایەدار و ووڵاتانی ناوچەکە.




لە میانەوەی توێژینەوەیەکدا کە لەهەردوو ساڵی (٢٠٠٧) و (٢٠١٢) وە لەلایەن بانکی نێودەوڵەتیەوە ئەنجامدراوە، بە دیار دەکەوێت کە ساڵانە داهاتی تاکە کەس لە هەرێمی کوردستان بەرێژەی نزیکەی (٢٠%) زیادی کردووە، و تێکڕای پشکی تاکە کەس لە کۆی بەرهەمی خۆماڵی (GDP) بۆ ساڵی (٢٠٠٨) گەشتۆتە (٤٧٥٥)هەزار دینار بۆ ساڵێک، لە کاتێکدا تەنها (٥٢٤)هەزار دینار بوو لە ساڵی (٢٠٠٤).

ئەم ئاڵوویرەی دراو بەو زیادە بەرچاوە ساڵانەیە، گەشەسەندنی ڕێژەی سێکتەرە گرنگەکانی ئابووری بەدوای خۆیدا هێنا، بە چەشنێک کە لەساڵی (٢٠١٣) هەرێمی کوردستان (٤٩%)ی کۆی پیشەسازی کارکردووی عێراقی پێک هێناوە، کە دەکاتە (١٠٦٥٨) دامەزراوەی بچوک و مامناوەند و گەورە ، و لەبواری گەشتوگوزاردا بۆ هەمان ساڵ

کوردستانی باشوور میوانداری نزیکەی سێ ملیۆن گەشتیاری کردووە لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

دەسەڵاتی سیاسی کوردی، بەدرێژی ئەم ساڵانەی ئاماژە بۆکراو لە کێبڕکێی سیاسیی و یاسایی و کارگێڕی وسەربازیدا بوون لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوەندی عێراق و زۆرجار تەنگەژەکان بەئاقاری زیزبوون و زویربوون دەگەشت، کە فاکتەری سەرەکی نەبوونی متمانە بوو لەنێواندا.

لەم بارەدا حکومەتی هەرێم بە کۆمەڵێک بەهانەی پاراستنی خاک و خەڵک و سەربەخۆیی ئابووری و دروست کردنی دەوڵەتی کوردی، پرۆژەی دۆزینەوە و دەرهێنانی سامانی سروشتی و راستەوخۆ مامەڵە و گرێبەست لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی ئەو بوارە و پاشان سەربەخۆبوون لە فرۆشتن و بەدەست هێنانی داهاتەکەی، سەرەتای لێک ترازان و دروست بوونی ناکۆکی بوو لەنێوان هەردوولادا.

هەنگاو و هەڵوێستەکانی حکومەتی ناوەندی لەم بوارەدا پلەبەند بوو، سەرەتا باوەڕ بەم توانایە نەدەکرا لە دەرهێنانی نەوت، پاشان پێیان وا بوو کە بەڕێزگرتن لە سیادەی دەوڵەت، کۆمپانیاکانی ئەو بوارە ناتوانن بێنە هەرێم و راستەوخۆ ئەو مامەڵەیە لەگەڵ حکومەتێکی لۆکاڵی بکەن، پاشتر داوای ئاگاداربوون و بە ناوەندی کردنی ئەو پرۆسەیەیان دەکرد بە سەرپەرشتنی کۆمپانیای سۆمۆ، لەم بارەدا عێرق ئیدارەی ئەم

سـامانەی دەکـرد و بەرپـرس دەبـوو لە پێـدانی خەرجـی کۆمپانیاکان و داهاتەکەی دەخستەوە ناو خەزێنەی دەوڵەت.

بە گـوێپێنەدان و نەگەشـتن بە ڕێکەوتـن، حکـومەتی عێـراق هەرێمـی ئاگـادار کـردووە لە بڕینـی بەشـەبودجە، بە پاسـاوێکی لـۆژیکی کە (ئەگەر داهـاتی خۆتـان تەنهـا بـۆ خۆتـان بێـت، ئامـادەنین قـوتی خەڵکـانی عێـراق و داهـاتی فرۆشـی نەوتـی بـصرەشتان بـۆ بنێـرین). پاشـان لە سـەرەتای سـاڵی (٢٠١٤) حکـومەتی عێـراق پـشکی هەرێمـی لە بـودجەی وولات بـڕی و بـویە سـەرەتای دروسـت بـوونی قەیرانـی دارایـی لە هەرێمـی کوردسـتان، فەرمـانبەرانی هەرێـم بـۆ مـاوەی چەنـد مانگێـک موچەکەیـان دواکەوت و پرۆژەکـانی وەبەرهێنـان وەردە وردە روو لە کزی و وەستان بوون.

لەو دەمەدا ئاسـتی هەنـاردەکردنی نەوت لەلایەن حکـومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە فەرمی نزیکەی (١٥٠) هەزار بەرمیل بـوو لە ڕۆژێکـدا، کە بە پێـی ڕێکەوتـن داهـاتەکەی لە بـانکێکی تورکی هەڵدەگیرا تا ڕێکەوتنی نێوان هەرێم و ناوەند و پێدانی (١٧٪)ی بـۆ هەرێـم و ئەوەی تـر بـۆ عێـراق (گەرچـی جێبەجـێ نەکـرا). ئەمە لە کاتێکـدا بـڕی پێویـستی داهـات بـۆ دابینکردنـی مـوچەی فەرمـانبەران و خانەنشین و چـاودێری کـۆمەڵایەتی و گرێبەستەکان بریتیە لە (٨٧٣)ملیار دینار.

دواتـر ئاسـتی هەنـاردەکردن ڕوو لە زیـاد بـوون بـوو، و بەهـۆی جەنگی داعش، حکومەتی هەرێم دەستی بەسەر بیرە نەوتیەکانی کەرکوکدا گرت و ئێستا ڕۆژانە لە نێوان (٣٠٠ - ٤١٠) هەزار بەرمیل نەوت لە هەر پێنج کێڵگەکەی کەرکوکەوە لە ڕێگای بوریەکانی هەرێمەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت هاوشان لەگەڵ (٣٢٠) هەزار بەرمیل لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستانەوە.

پاشتر حکومەتی هەرێم ڕوو بەڕووی دوو گرفتی چاوەڕواننەکراوی قورس بوویەوە، ئەوانیش جەنگی داعش و خەرجیەکانی کە بۆ ساڵی (٢٠١٥) خۆی لە نزیکەی (٣٢٣٠)ملیار دینـاردا بینیوەتەوە. هەروەها دابەزین و هارەکردنی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهاندا کە نرخەکەی گەشتە (٢٨$) بۆ هەر بەرمیلێک نەوت، زیانی بەرچاوی بەهەموو وولاتانی هەناردەکەری نەوت گەیاند لە جیهاندا وە یەکێک لە زەرەرمەندە دیارەکان خەڵکی کوردستانی باشوورە.

لە ئێستادا بڕی کورتهێنان (قەرزاری) حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نزیکەی (٢٢)ملیار دۆلار دەخەملێنرێت، و فەرمانبەرانی فەرمی دەوڵەت موچەی ٥ مانگیان وەرنەگرتووە و لە ئێستادا حکومەت رێوشوێنی پاشەکەوت کردنی زۆرەملێ پەیرەو دەکات بۆ فەرمانبەرانی کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەپێی کۆی موچەکەیان دەبێت.

هەموو ئەمانە دۆخێکی نەخوازراوی ئابووری و دارایی لە کوردستان خولقاندووە و دامەزراوەکانی حکومەت بەرەو ئیفلیج بوون دەڕۆن و بایکۆت و خۆپیشدانی بەردەوام لە ناوچە جیاوازەکان هەیە وەک نارەزایی لەم دۆخە و لۆمە کردنی دەسەڵاتداران بە نەبوونی پلان و ئیدارەنەدانی سەرکەوتوو و فەشەل هێنان لە حکومەتداری و پشت بەستن و گرنگیدانی تاک لایەنە بە نەوت و نەبوونی متمانەی هاوڵاتی بە دۆخی دارایی حکومەت و داواکردنی هێنانەوەی پارە مۆڵکراوەکان و خستنەگەری ئەو سەرمایەیەی کەسایەتی و حزبە دەسەلاتدارەکان لەم ساڵانەی پێشوودا لەسەر حسابی قووتی خەڵک کۆیان کردۆتەوە.

هاوڵاتیش بەجۆرێک بەشدارە لە دروست کردنی ئەم قەیرانە کە پشکی بچوکتر بەردەکەوێت، بەوەی کە لە ئێستادا و بەپێی وتەکانی پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق نزیکەی (٣٤)ترلیۆن دینار لە کۆی سەرمایەی عێراق، چەقبەستووە لەلای هاوڵاتی و ناچێتە ئالوویری بازرگانییەو وناخرێتە بانکەکانەوە، کە ئەمە قەبارەیەکی گەورە و زیاترە لە کۆی سەرمایەی هەندێک لە وولاتانی دونیا. لەهەمانکاتدا نزیکەی (٣٠)ترلیۆن دینار لە بانکەکاندا وەستاوە و لەمبارەیاندا هاوڵاتی زەرەرمەندە.

لەلایەکـی تـرەوە چالاکوانـانی ئـابووری لە هێـزی کـاردا ڕێژەیەکـی کەم پێـک دەهێـنن، کە لە باشـترین بـاردا دەگـاتە (٤٤.٧٪ ) (بـــۆ تەمەنـــی ١٥ســـاڵ و بەرەوژوور)، کە ئەمە ڕێژەیەکـــی کەمە و نەگونجـــاوە لەگەڵ ئەو دابەشـــبوونە دیموگرافیەی کۆمەڵگە کە زۆرینەی گەنجە. لەم بارەدا جۆرێک لە ناهاوسـەنگی بەدی دەکرێـت لەنێـوان پێکهـاتە جیاوازەکـانی کـۆمەڵگە بـۆ چـالاکی ئـابووری و دەبینرێـت کە ئاسـتی هـاتنە پێـشەوەی رەگەزی مێیـنە تەواو لاوازە بەوەی تەنهـا (١٧.٧٪)ی بەشداری چالاکی ئابووری پێک دێنن.

تەنهـا ئەوانەی کـاردەکەن، جـۆرێتی کارکردنیـان لەئاسـتی پێویستدا نییە، بۆنمونە وەیشومەی بێکاری دەمامکدار تەواوی دامودەزگاکانی کەرتی حکومەتی گرتـۆتەوە و بە سـەدان هەزار فەرمـانبەری زیادە لە دامەزراوەکاندان (بێجگە لە فەرمـابنەرەی وەهمـی) کە هـیچ کاریـان نیـیە و هەڵاوسـانیان لە شـوێنەکان دروسـت کـردووە. (بـۆ نمـونە تەنهـا بەڕێـوەبەرایەتی گـشتی پەروەردەی سـلێمانی ١١ هەزار زیـادەی لە فەرمـانبەردا هەیە). لە لایەکی تـرەوە ژمـارەی کـاتژمێری کـارکردن کەمە کەبریتییە لە تێکرای ٢,٤٠ کـاتژمێر لە هەفتەیەکدا بـۆ کەسـێک لە هەردوو کەرتی گشتیی و تایبەت.

## دووەم:

# لایەنی هزری قەیرانی ئابووری کوردستان

م. تەحسین حەمەغەریب

ڕووناکبیر و مامۆستای زانکۆ

**هزریش رۆڵی هەیە:**

ئێمە وا دەبینین کە بێجگە لە دۆخە ئابووری و سیاسییەکە، دۆخـــی فیکـــری و رۆشـــنبیری جیهـــانی رۆڵـــی هەیە لە دروستکردنی قەیرانی کوردستاندا، گرنگە کە هەم دەسەڵات و هەمیش کۆمەڵگە ئاگایان لەو بابەتە بێت بۆ دۆزینەوەی رێگە چارە بۆ دۆخەکە، بۆ ئەمەش دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی رۆشنگەری و فەیلەسوفەکانی سەرەتای سەردەمی نوێ، ئەو کاتەی (کانت) کورتترین و بەناوبانگترین بابەتی دەربارەی رۆشنگەری نووسی و تێیدا ئەم دیاردە نوێیەی (دروستبوونی سەردەمی نوێ قەرزاری ئەوە) تەنها لە یەک زاراوەدا کورت کردەوە و وتی: (بوێری بیرکردنەوەت هەبێت!)!.

**مرۆڤی خاوەن ماف لە دایك بوو:**

ئیتر ئەم سەردەمە لە ئازادییەوە دەستی پێکرد، ئەویش ئازادی بیرکردنەوە و لە خۆ (رامان)، بەڵکو مرۆڤ بوونی مرۆڤ بەسترا بە توانای لەخۆ روانین و سەربەخۆ بوون و بوون بە خاوەنی ماف و لە دایک بوونی مرۆڤی خاوەن (ماف).

**ئازادی سەرەکیترین خاڵ بوو:**

هەر لێرەوە هەندێک لە فەیلەسوفان بۆ ئەوەدەڕۆن کە سەرەکیترین بابەت بووە هۆی ئەوەی ئەم سەردەمە نوێیە دروست بێت چەمکی ئازادی مرۆڤ بوو ، ئەو چەمکەی

فەیلەسووفە لیبراڵەکانی ئەو قۆناغە کردیانە سەنتەری بیرکردنەوەی خۆیان بەڵکو بوونە پەیامبەری ئەو قۆناغەو هەوڵیاندا ئەو چەمکە بە کۆمەڵگە بگەیەنن و لە سیستەمی سیاسیشدا بیچەسپێنن.

**ئازادی و ماف هەر یەك شتن:**

بەڵام زۆرێک لە لێکۆڵەرەکانی ئەندێشە بۆ ئەوە دەچن کە ئازادی لەگەڵ مافدا هەمان شتن، هەر لێرەوە کاتێک مرۆڤ بە هۆی ئازادیی و بیرکردنەوە لە (خۆ) وە پەی بە جیاوازی و سەربەخۆبوونی خۆی برد، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کەشفی مافەکانی خۆی کرد. هەر بۆیە ماف ئەو بابەت نوێیە بوو کە داهات و پێشتر بوونی نەبوو ، ئەگەرچی پێشتر لە هەناوی مرۆڤایەتیدا مابوویەوەو ریشەی لە کولتووری مرۆڤایەتی و ئایینەکانیشدا هەبوو ، بەڵام ئەم کۆرپەلەیە بواری لەدایکبوونی بۆ نەرەخسابوو هەنوکەو لەم سەردەمەدا لە دایک بوو.

**پێشتر مرۆڤ تەنها ئەرکەکانی جێبەجێ دەکرد:**

مرۆڤ لە پێش ئەم قۆناغەدا نەوەک خاوەن ماف نەبوو، بەڵکو تەنها ئەرکەکانی جێبەجێ دەکرد، ئەو ئەرکانەی لە لایەن سیستەمی سیاسی و پیاوانی ئایینییەوە بە بەسەریدا دەسەپێنران، بۆیە لەم سەردەمە نوێیەدا (سەربەخۆ) یی لە سیاسیەکان و (ویست و بیرکردنەوە) لە بوارە ئایینییەکەدا بوونە سەنتەر !.

**چەمکی گرێبەستی کۆمەڵایەتیش دەرکەوت:**

هەر بۆیە چەمکی مرۆڤ بوون بەسترا بە مافە سەرەتایی و هەمیشەییەکانی مرۆڤەوە، هەر لێرەوە کاری فەیلەسوفەکانی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) دەستی پێکرد. ئیدی مافی پارێزگاری لە خود و ژیان لای (هۆبز) ی فەیلەسوفی ئینگلیزی بەناوبانگ و مافە سروشتییەکان لای فەیلەسوفەکانی دیکەی وەک(لۆک و رۆسۆ) بوونە سەنتەر. ئیتر دەرکەوت ئەو سیستەم و دۆخە مرۆیی تر و ئەخلاقیترن کە مافی سەربەخۆیی و ئازادی بۆ مرۆڤ دابین بکەن، هەر لێرەوە ئازادی بازاڕ و لیبراڵیزمی ئابووری کلاسیک دەستی پێکرد، ئیدی ئەو دروشمە چووە سەنتەر (لێگەرێ باکار بکات، لێ بگەڕێ با تێپەڕێت!).

**مرۆڤکاتێ مرۆڤە کە بتوانێت لە خۆی رابمێنێ:**

بە کورتی مرۆڤ بوونی مرۆڤ بەسترا بە توانای بیرکردنەوە لە خۆ و لەوێشەوە ئازادی بڕیاڕدان، بە گوتەی (نیگڵ)ی فەیلەسوفی سیاسەتی بەناوبانگ، مرۆڤ بووە (کولتور) سەنتەر. کە بەلای ئەو فەیلەسوفەوە کۆمەڵگە و مرۆڤەکان یاخود (سیاسەت) سەنتەرن یان (کولتور) سەنتەرن ، لە کاتێکدا کە مرۆڤی سیاسەت سەنتەر ئەو کاتە هەیە کە تەنها کار جێبەجێ دەکات وبیرکردنەوەی نییە، هەموو گرفتەکەش لە لایەنە سیاسییەکەدا دەبینێت. بەڵام لە کاتێکدا مرۆڤی فەرهەنگی ئەو مرۆڤەیە کە توانای بینینی دوورتر و خۆی هەیە، هەربۆیە دان بە مافی ئەوانی دی و بینینی کولتوری جیاواز لەوەی خۆی هەیە،

ئیتر هەمیشە لێکبوردەو کراوە دەبێت. هەر بۆیەهێندە کۆمەڵگەی مرۆیی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی ترە، کە بواری بیرکردنەوە و مافی هەڵبژاردن بۆ مرۆڤ دەیڵێتەوە!.

**دواتر وەرچەرخانێکی سەیر روویدا:**

سەردەمی نوێ بەم شێوەیە دەستی پێکرد، کە سەردەمێکی(مرۆڤ سەنتەر) بەڵکو مافی مرۆڤ سەنتەر بوو، هەر ئەمەش ئەو بابەتە بوو فەیلەسوفەکانی ئەو قۆناغە بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەڵام دواتر وەرچەرخانێکی سەیر روویدا،کە دەرەنجامێکی گەورەی لەسەر ئەو مرۆڤ سەنتەرییە دانا، ئەویش ئەوە بوو لەبریبوار رەخساندن بۆ ئازادی و بیرکردنەوە بۆ ئەو مرۆڤەی لە خۆی تێدەرامێ، بەکاربردن جێگەی ئازادی و هەڵبژاردنی گرتەوە، هەربۆیە مرۆڤ لە مرۆڤێکی ئازاد و خاوەن مافەوە بوویە مەخلوقێکی بەکاربەر، هەرچی زێتر بەکاربردن و بەکارهێنانی کاڵاکان. لێرەوە دەرکەوتنی کێشەکانی وەکخراپ بەکارهێنانی سەرچاوە و پیسکردنی ژینگە و نەخۆشییە نوێ و جۆرییەکانی ژیان: وەک :(فشاری خوێن و شەکرەو جەڵتەی دەماخ و دڵ) و بێکاری و کارنەکردن و ، بەکاربردنی هەرچی زیاتر و گۆرینیخێرای مۆدێلی زیاتر و دەرەنجامە ئەخلاقییە نەویستراوەکانی وەک کێبەرکێی هەرچی زێتری بە دەستهێنانی پارە(ئەویش تەنها بۆ بەکاربردنی زیاتر)و گەندەڵی!

**خولقانی پێویستی درۆزنانه:**

له هەمــووی دیــارتر بــۆ ئەوەی ئەم کــردەی بەکــاربردنه بەردەوام بێت دەبێت (پێویستی) بەردەوام ودرۆزنـانه بخـولقێن، بۆ ئەوەی دابـین بکـرێن ئیتـر بەردەوام پێویـستییەکان دروسـت دەکـرێن، بـۆیه کـردەی خولقـانی پێویـستی و بەکـاربردن بـۆ دابینکردنی دەبێته سیمای تـاک و کۆمەڵگە، هەرچی بەکاربردن له پێناو بەکاربردنی زیـاتر، لێرەشـەوە مـرۆڤ له کۆمەڵگەیەکی وادا بوونی رەسەنانه و مەعنەوییانەی خۆی له دەست دەدات،و ئەو مـــرۆڤەی به دابینکردنـــی کۆمەڵێـــک پێویـــستی کەمەوە دەتوانێت بژی دەبێته مەخلوقێک به هـیچ تێرنابێت. هەروەک له فەرمـودەی پێغەمـبەردا هـاتووە : (ولـن يملَـا فـاه الاّ الـتراب) مەگەر خاک تێری بکات!.

**کۆمەڵگەی کوردیش بەو دەردە رۆشت:**

کێـشەکه تەنهـا هەر ئەوە نیـیه که پێویـستییەکانی مـرۆڤ دابـین نـابن و له پێنـاو دابـین کردنیـان هەمـوو سـەرچاوەکانی نیشتمان بەهەدەر دەبرێن و مافی نەوەکانی داهاتوو دەخورێت، مـرۆڤ هەمیشه له نـاو بێ ئۆقرەیی و غەمناکیدا دەژی، غەمـی دابین نەبوونی پێویستییه درۆزنانەکـان و بەجێمـان لەوانـی دی، ئەمەش تـــایبەت نیـــیه به بەرپرســـانەوە، بەڵکـــو تاکەکـــانی کـۆمەڵگەش دەگـرێتەوە، ئەگەرچـی ئەوان لەسـەر ئەو بنەمـایەی

ئەو کەسە دەسەڵاتی زیاتری هەبێت تواناکانی چەند بەرامبەر دەبنەوە، بۆیە بەکاربردنەکانی ئەوان و خەرجە بێ ماناکان و کۆشک و پارە کۆکردنەوەکانیان زیاتر و زیاتر و ئازارەکانی خۆیان و ئازارەکانی کۆمەڵگەش زیاتر دەبێت، ئیتر کۆمەڵگەش دەبێتە کۆمەڵگەی هەڵپەو غەمبار ئازاری خۆی و ژینگەش دەدات، کۆمەڵگەی ئێمەشبەو دەردە رۆشتووە!.

**گەڕانەوە بۆ سەرەتا:**

ئیدی هەر ئەم بابەتەو ڕیشە هزرییە بوو کۆمەڵگە و سیاسەت و ئابووری کوردستانی گەیاندە ئەم قۆناغە، بۆیە سەرەتاش دەبێت چارەسەری ئەمە بکرێت و بە گەڕانەوە بە مرۆڤ سەنتەری و بیرکردنەوە لە خۆ و گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی سەردەمی نوێ دەست پێ بکەین و، کە هەرگیز بەو فەزایەی بۆ خۆمان خولقاندوومانە بە هەرچی بەکاربردنی زیاتر ناتوانین(کاتی بیرکرنەوەمان نییە) چارەسەری ئەم دۆخە بکەین!.

**قەناعەت گەنجینەیە:**

بۆ ئەوەش هیچ چارەسەرێکمان نییە بە گۆڕانکارییەک نەبێت کە بە بۆچوونی ئێمە ڕیشەیەکی ئەخلاقی قووڵی هەیە، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ ئەخلاقی قەناعەت و ڕازی بوون بە ئەندازەی پێویست، کەمکردنەوەی مەسرەف و رازی بوون بە بەشی خۆ!.

# سێیەم:

# بەرپرسیارێتی خەڵك لەم قەیرانە

م. نوعمان محەمەد

شارەزای فیكری دینی و مامۆستای زانكۆ

**نەبوونی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان خەڵك و دەسەڵات:**

یەکێک لە گرفتە گەورەکانی خەڵک لە باشووری کوردستان لەوەدا خـــۆی دەبینێـــتەوە، کە لە زۆربەی بوارەکانــدا هێڵێکـــی جیـاکەرەوەی لە نێـوان خـۆی و دەسـەڵات و هەلـو مەرجـی گـشتیدا نەکێـشاوە، واتە کەمتـر تـاک و خێزانەکـان و تەنـانەت گروپە کۆمەڵایەتییەکان خاوەنی شێوازێکی تایبەت بە خۆیانن لە خـۆ بەرێــوەبردن و مــامەڵە کــردن لەگەڵ هەلــو مەرجە گـشتییەکەدا، بەم پێـیەش، لە مـاوەی رابـردوودا و لەو هەمـوو کەمــو کورتییــانەی کە لە ژیــانی کــۆمەڵایەتی و سیاسیــشدا هەستی پێکراوە، ڕووی گوتار کەمتر لە تاک و کۆمەڵگە بـووە، بەڵکو سەرجەم رەخنەو پێشنیارەکان ئاراستەی دەسـەڵاتداران و فەزای سیاسی کراوە.

لە راســتیدا خــراپ بەڕێــوەبردنی وڵات و بە هەدەردانـــی ســەروەت و ســامانی نیــشتمان و یــاریکردن بە چارەنووســی خەڵـــک لە رووی ئـــابووری و تەندروســـتی و ئەمنـــی و سیاسییـشەوە، خەسـڵەتێکی زەق و ئاشـکرای سیاسـەتکاران و دەسـەڵاتداران بـووە، بەڵام لێـرەدا پرسـیار لە خـودی خەڵـک و هاووڵاتیـانە، ئەوان لە کـۆیی ئەم هاوکێـشە نـا تەندروسـتەدا بوون؟

بە تێڕامـان و بیرکـردنەوە لەوە تێـدەگەین، کە بە داخەوە و لەگەڵ ئەو هەمــــوو رەخــــنەو گلەییــــانەی کە خەڵــــک لە

دەسـەڵاتدارەکانی هەبـووە، بەڵام بە کردەیـی ئەویـش بـۆ خـۆی سـنورێکی لە نێـوان خـۆی و دەسـەڵاتدارندا لا نـیکەم لە رووی هەســـتکردن بە بەرپرســـیارێتییەوە لە مـــامەڵەکردن لەگەڵ سەرمایە داراییەکانیدا، نەکێشاوە.

**بنەماکانی مامەڵەکردن بە سەرمایە:**

بە گەرانەوە بـۆ کلتـوری ئایینیمـان و پەیوەسـت لە گەڵ سەرمایەی داراییدا، لا نیکەم دوو بابەت بە زەقی دیار دەکەون:

یەکەم: چـۆنێتی پەیـدا کردنـی سـەرمایە، بەو مانـایەی کە سـەرمایە چـۆن و لە هەرکـێ و لە هـەر کوێـوە هـات و بـێ هـیچ بیرکـردنەوەیەک وەرناگیرێـت، چـونکە لە رووی ئەخلاقیـیەوە قبوڵکراو نییە.

دووەم: پـاش دڵنیـا بـوون لە بـێ گرفتیـی سـەرمایەکە و وەرگـرتن و دەستخـستنی (حەڵاڵ بـوونی)، چـۆنێتی مـامەڵە پێکردن و سـەرفکردنی مەسـەلەیەکی زۆر گـرنگە، واتە کـارەکە تەنهـا لەوێـدا تەواو نابێـت کە مـرۆڤ دڵنیـا بێـت لە دروسـتیی شـێوازی پەیـدا کـردن و دەستخـستنی سـەرمایە دارایـیەکەی، بەڵکـو خـاڵێکی تـری گرنـگ ئەوەیە کە لەوە تێبگـات کە خەرجکردن و مەسرەفکردنی سەرمایەش کێشەو گرفتی خـۆی هەیە لە چەنـدین ڕووەوە، بـۆ نمـونە: لەبەر ئەوەی سـەرمایە جێگیـر نیـیە و مەرج نیـیە هەمیـشە لای ئەم بێـت، پێویـستە لە

شتێکدا سەرفی نەکات کە پێداویستی (حاجە) یەکی ساختەیە و ڕاستەقینە نییە، یان ئەوەی کە دەبێ بزانێت کەسانی تر و دەورو بەرەکەی مافیان لەو سەرمایەدا هەیە، یان ئەو مەسرەفکردنە زیانی ئاشکراو بەرجەستە بە ژینگەی سروشتی نەگەیەنێت و هتد...

کەواتە ئەوە تەواو نییە کەسێک بڵێت من مافی خۆمە بە ڕەهایی کە سەرمایەی خۆم چۆن سەرفدەکەم، وەهای سەرفدەکەم، چونکە مەسرەفکردنیش ڕێکار و مەرجی پابەندکاری خۆی هەیە.

ئەوەی کە گرنگە بریتیە لە هەست بە بەرپرسیارێتی کردن لە پەیدا کردنی سەرمایەو لە مەسرەفکردنیدا، ئەم هەست بە بەرپرسیارێتی کردنە لە ئایینەوە سەرچاوە بگرێت یان لە هەستێکی ئینسانیی بالاوە، هەر گرنگە، بەڵام ئەوەی کێشەیە ئەوەیە کە ئەم هەستی بەرپرسیارێتییە نەبێت یان لاواز بێت.

مرۆڤی ئێمە لە کاتی مامەڵەکردنی بە سەرمایەکانییەوە، بیری لای ئەوە نەبوو کە هەم هاو جۆرەکانی لە مرۆڤەکان و هەم ئەو ژینگەیەی کە وەک لانکێک ئەمی لە خۆ گرتووەو تێیدا دەژی، مافیان هەیە و نابێت مامەڵەیەک بکات کە سنوری خۆی ببەزێنێت و ئازار بە مرۆڤەکان و بە ژینگەکەی بگەیەنێت، سالانی رابردوو دیاردەی زۆرترین پاشەڕۆ و پیسکردنی سەیرانگاو شوێنە گەشتیارییەکان، بەڵگەی لاوازیی ئەم هەستی

بەرپرسیارێتییە بوو، تەنانەت زۆریی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و تۆمارکردنی بەرزترین ئاست لە ژمارەی قوربانییەکاندا هەر دەکرێ لەم سیاقەدا تەماشا بکرێت.

بەدەر لە هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە مرۆڤەکانی تر و ژینگە، مرۆڤی کورد هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە جەستەی خۆشی وەک پێویست نەبووە، هەرچی خۆش و بەلەزەت بوبێت سڵی لە خواردنی نەکردۆتەوە، بە هەر ئەندازە و بەهەر نرخێکیش بێت گوێی پێنەداوە، بەکارهێنان وخواردنی ئەو هەموو کالاّ بێ دایک و باوکانەی کەلە دەرەوەی هەرێم دێنە ناو هەرێمەوە، بێ لێوردبوونەوە و تێرامان، هۆکارێکی سەرەکیین بۆ چەندەها گیر وگرفتی تەندروستی و ژینگەیی و کۆمەلاّیەتی، کە لە ئێستادا هەندێکیان دەرکەوتوون و بەشی زۆریشیان لە داهاتوودا دەردەکەوێت.

**ملهوڕیی لە مەسرەفکردندا:**

مەسرەفکردن لە لای مرۆڤی ئەم سەردەمە گەیشتۆتە ئاستێک کە دەکرێت ناو بنرێت بە ملهوڕیی، ئەم ملهوڕییە لە مەسرەفکردن و چێژ وەرگرتن، دیاردەیەکی جیهانییە و وا دەردەکەوێت مرۆڤ گرفتی دەرونی یان خودیی گەورەتر بووە و بۆ خۆسەرقاڵکردن و لە خۆڕاکردن، دەستی داوەتە زۆرترین مەسرەفکردن و بەکارهێنان، هەر بۆیە دەکرێ ئەم ئاراستەیەی

مـرۆڤ لەم سـەردەمەدا بە جۆرێـک لە خـۆ مەسـتکردن نـاو بنرێت.

لەم نێوەندەدا جیاوازی مرۆڤی کورد لەگەڵ مرۆڤێک کە لە جیهانی پێشکەوتوودا یە لە چەند ڕوویەکەوەیە: مرۆڤی کـورد لە مـاوەی رابـردوودا ئاسـانتر و بـێ ئەزیەتتـر پـارەی دەسـتکەوتووە، بەڵام مرۆڤـی پێـشکەوتوو بە مانـدوو بـوونی فیعلی پارەی دەستکەوتووە، پارەیەک کە بێ ئەزیەت یان بێ مانـدووبوونی فیعلـی دەچێـتە گیرفـانەوە، ئامـادەترە بـۆ سـەرفکردن لە ئیـشتیهایەکی سـاختەی کاتیـدا، بە بەراورد بە پارەیەک کە بەری رەنج و ماندووبوونی فیعلییە.

ڕوویەکی تری جیاوازی ئەوەیە کە مرۆڤی کورد لە وڵاتێکی پر لەگەندەڵی و بێ رێوشوێن وجێبەجێنەکردنی یاسادایە، بەڵام مرۆڤی پێشکەوتوو لە وڵاتێکی سیستماتیزە کراو و کەمترین گەنـدەڵی و جێبەجێکردنـی یاسـادایە، هەر بـۆیە مەترسـیی ئەو ئاراسـتەیەی کە مـرۆڤ لەم سـەردەمەدا گرتـوویەتی، لەسـەر مرۆڤی کورد زیاترە، چونکە بەهۆی نەگرتنە بەری رێو شـوێنی پێویـست و نەبـوونی سیـستم و جێبەجێنەکردنـی یاسـا، راستەوخۆ باجی ئەو سلوکەی خۆی دەدات.

ئەمەش خوازیاری ئەوەیە کە مرۆڤی کورد زیاتر و زۆر تـر بە تەنـگ خـۆیەوە بێت و هەم خەمـی جەسـتە و رۆحـی خـۆی، هەم خەمـی هـاو نەوعەکـانی لە مرۆڤەکـانی تـر و هەم خەمـی

ژینگە و مافی نەوەکانی داهاتووی لە بیر نەکات و زیاتر واز لە ملهوڕی و فراوانکردنی ئیشتیهاکانی بێنێت.

گەرچی ئێستا لە ئاستی جیهاندا ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژینگەو ژینگە پارێزی لە برەودان و چالاکی گرنگ و جۆراو جۆر ئەنجام دەدەن، بەڵام یەکێک لەو تەرحانەی کە هەر لە ئاستی جیهاندا لەمبارەوە هەیە، ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی ژینگە هیچییان پێناکرێت لەگەڵ مرۆڤێکدا کە ملهوڕانە مەسرەف دەکات و پاشەڕۆ فرێدەدات، چارەسەر تەنها لەوەدا نییە کە ڕێو شوێنی پێویست بگیرێتە بەر بۆ پارستنی ژینگە، بەڵکو چارەسەر دەستکاریکردنی سلوکی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە کە ئامادەیە لە پێناو حەز و چێژ وەرگرتنەکانیدا هەموو کارێک ئەنجام بدات و ئیشتیهای بە جۆرێک کراوەتەوە کە تێر بوونی نییە.

# چوارەم: ئەزموونە فەرامۆشکراوەکان
# بە جەختکردنەوە لە رۆڵی بازرگانەکان

**هەردی مەهدی**

**نووسەر و مامۆستای زانکۆ**

**دوو بنەما فەرامۆشکراوەکە:**

دوو ئەسڵ و بنەما لە مێژووی مرۆڤایەتیەوە ماونەتەوە ئێستا کاتی بەرهەمهێنانەوەیانە وەک ئومێدێک بۆ دەرچوون لەو قەیرانانەی کە مرۆڤ زۆرجار بەدەستانی خۆی دەیانکاتە چارەنوسی خۆی:

یەکەم: تێگەشتنەوە لە دەوڵەت و حکومەت کە بچوک بکرێنەوە و هەموو ئومێد و سەرچاوەیەکی داهات و وەلینیعمەت نەبێت وەک ئەوەی لە ئەزموونی دەوڵەتانی ناگشتگیر و کراوەی ئەمڕۆ و دەوڵەتانی پێش دنیای مۆدێرن کە لاوازترین سەرچاوەی "پارەوەرگرتن" و بژێوی خەڵک بوون، کۆمەڵگە بە رەنج و ماندووبوون و کاری رۆژانە ماوەتەوە نەک بە دەسەلاتی پاشاکان، باشترین بەڵگەش گۆڕین و فەوتانی هەزاران حکومەتە و مانەوەی کۆمەڵگەکان و شوناسەکانیانە.

دووەم: ئەسڵی ئەوەی کە بنچینەدا کاغەز و پارە نەبووە و مرۆڤەکان بۆ رێکخستن بەرهەمیان هێنا نەک ئەوەی هۆی سەرەکی داهات و سەرچاوەی بژێوی بێت.

دەکرێت بە گێڕانەوەی پارە بۆ قەبارەی خۆی و ئەرکەکەی، تێبگەینەوە لەوەی کە ئەگەر ئەخلاق و هەماهەنگی و ئەزموونەکانی بەخشین زیندوبکرێنەوە، دەکرێت ناوبانگ و خاوەن سەرمایەی کۆمەلایەتیش بین بێ ئەوەی پشت بە

هەبـوونی کـاغەزی پـارە وەک مەرج و هـۆی دەوڵەمەنـد بـوون ببەستین. چونکە دەوڵەمەندی ماڵئاوەدانی و دڵـی والا و دنیـای دڵنیـایی و بەدەسـتهێنانی دڵـی ئـاوانیترە بە تاوانـا و راهێنـان و دەسـتپێوەگرتنی تـاک و هەسـتکردنە بە ئەرک. دیـارە لە ئەدەبی کلاسیکی ناوچەکەشدا هەر ئەو مانایەشی هەبووە، نەک خاوەن زۆرترین "کاغەزی کڕین".

بـۆیە ئومێد کاتێک دەچێنرێت کە هەوڵەکـان چڕبکـرێنەوە بـۆ بنیادنـــانەوەی کـــۆمەڵگەیەک چـــاوی لەدەســـتی خـــۆی بێـــت، بەڕێوەبردنێـــک ســـەرچاوەکانی داهـــاتی لەزیادبونـــدابن لەبـــری پارەوەرگرەکـانی، حکومەتێک کـوڕی کۆمەڵگەبێت نەک بـاوکی تـا گوێکانی بە ئاسان رابکێشرێن، ئەزموونێک پێویستی و چاوی لە دینـاری تاکەکـانی بێـت کە وەک بـاج و خەراج پێـی بـدرێت تـا بمێنێـتەوە، تـا ئەوەی بێمـنەت نەبێـت لە دەنگـدەر و بێـدەنگەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش بەر لە هەرشتێک دەبێت گوێکانی کراوەی کراوە و بازوەکانی هێزیشی لە ئاستی کومەڵگە کورتی کورت.

**راستیە تاڵەکان بۆ هەستانەوە:**

نیشانەکانی کۆمەڵگە و ئەزموونێکی "کورت-مەودا" لە ئێستا و رابردومانـــدا خۆیـــان ســـەلماندوە، تیـــۆرەی "کـــۆمەڵگەی کۆتاماوە" یان "کورت مەودا"ی تیۆرسێنی مێژووی هـاوچەرخی ئێرانـــی ئامـــاژەیە بە کـــۆمەڵگە و دەوڵەتێـــک کە گۆڕانکـــاری و تەنـــانەت گۆڕانکـــاریە ریشەییەکانیـــشی هەر کـــورت مەودان و

تەمەنێکـــــی کورتیــــان هەیە.ئەمەش ئەنجـــــامی نەبـــــوونی چوارچێــوەیەکی بەهێــز و یاســایی و ڕەوایەتــی پیــدەرە،کە بەردەوامـی و تەمەنـدرێژی دەداتە ئەزموونەکـان و جۆرێـک لە گرەنتیکەری داهاتووی گۆرانکاریەکان و دەستکەوتەکانن. بەڵام بەهـۆی ئەو بێچوارچێوەیی و لەقاڵبنەدانە تەندروستانەوە یەک دوو نەوەدرێژە ناکێشن. ئەڵبەت لە نیشانەکانی ئەم کۆمەڵگایانە کیشەی شـەرعیەتی فەرمـانڕەوایی و قوربـانی بـوونی دەزگـا و ئیــداری تەنــانەت خــانەدانە دەوڵەتمەدارەکــانیش دەگــرێتەوە، هەروەهـا بێ ئیعتبـاربوونی گیـان و مـاڵی هاوڵاتیـان و کێشەی کەڵەکەبوونی ناهاوسەنگی پەرەپێدانەکان.[1]

دیارە ئەم نیشانانە بە کۆمەڵگەی کوردستان نائاشنا نین و کـورتی ئەزموونەکـان و بێ ئیعتبـاری گیـان و مـاڵ و نەبـوونی بەڕێـــوەبردنێکی بـــاش دەرخەری کـــورتی ئەزمـــوونی ئەو دوودەیەمان دەسەلمێنێتێت.

دەرکەوت ئەوەی ناوی "ئەزموونی هەرێم"ە وەک سیاسـەتی ئــــابوری و بەڕێــــوەبردن زۆر زوو ریــــشەی کــــورت و دۆشدامانیان دەرکەوت. بەڕێوەبردنی هەرێم چەمکێکی بێڕیشە و "کارتیـانەکراو" بـووە. دەریـشکەوت ئەزمـوونی بەڕێـوەبردنی ئێمە لە نێوان "خبرە" و "خدمە"ەدا یەکەمیانی هەیە و دووەمی

---

[1] محمد علي همايون كاتوزيان: ايران، جامعه كوتاه مدت، ترجمه: عبدالله كوثري، نشر نی، تهران، ١٣٩٠.ل٩ و١١.

فەرامۆشــــکردوە، چـــــونکە دیـــــارە لە خـــــدمە-کەشـــــدا (خزمەتگـوزاری)ی فەرامۆشـکردوە و "ژێرخـان"ی ئـابوری بـۆ پاراستنی دنیای بژێوی مرۆڤی کورد کاری بۆ نەکرا، بگرە دیزاینــی و جـۆری شارنـشینی و پیـشەگەری و کـشتوکاڵ و تەنـانەت دنیـا و سـنوری قەنـاعەت-یـشی ئـاڵوگۆڕی بەسـەردا هـــات. ئەمەش لە ڕێــــگەی بەمـــۆدێلکردنی ناشایــــستەیی و بەشینەوەی "کاغەزی پارە" و خستنەڕووی "بێکاری شاراوە" و پێـشکەشکردنی "بنـدیوار"ی بە چـین-بـووی کـۆمەڵایەتی وەک مۆدێل کە خاوەنی مافێکی بێئەرکن.

ئێــستا ئیتـــر ئەزمــــوونی بەرپرســــیارێتی "ئەزمــــوون"ی رابـوردووی بەڕێـوەبردن ئـێمە کەشــتیەکی کـون تێبـوو کە بێـئەرک و ئەرکـدار، ســەروو و خــوار کـۆمەڵگەی خــستۆتە مەترسیەوە، قۆنـاغ و ئەو مـۆدێلەی ئیدارەدان لەم دوو ساڵەی رابردوودا شکستی خۆی بۆ بەڕێوەبردن سەلماند.

ئەزمـوونە بەهێزەکـانی دنیـای سیاسـەت لەدوای گۆڕانکـاری یان شۆڕش یان ئاڵوگۆڕی دەسەڵات (وەک چۆن بەشێکیشە لە بانگەشـەی کـاتی هەڵبژاردنەکانی دنیـای وڵاتـانی دیموکراسـی و خۆشــگوزەران)، مــامەڵەکردنە لەگەڵ کۆمپانیــای راســتەقینەی ئـابوری و سـەرمایەداری خـاوەنخەم و ئەزمـوونە تاکەکەسـی و گروپیەکـان بـۆ بەهێزکردنیـان. سیاسـەت لەبـری دەسـتێوەردان ئاراســــــتەکردنی ئەخلاقیــــــانەی ئـــــابوری بــــــووە نەک

خۆدەوڵەمەندکەر. لەم پێناوەدا یاسا و ڕێنمایی بۆ گونجاندوون تا ئەوان ئەزموونی کارکردن و ژێرخانی ئابووری بەڕێوەبەرن و بنیادی بنێن.

وەک: ئەزموونەکـــانی دامەزرانـــدنی ویـــلایەت و شـــارە مەزنەکانی ئەمریکا لەسەر بنەمای ئابوری کۆمپانیاکان، ئەمەش بۆ پایەدارکردنی ئابوری کۆمەڵگەی ئەمریکی نەک حکومەتی ئەمریکا. وەک ئەزموونی ئاراستەی سێیەمی بەریتانیا لە دوای نەوەدەکانەوە، وەک تورکیا و ڕێکـردنەوە بـۆ سـەرمایەدارە ئەنەدۆڵیەکـان لە نەوەدەکانـدا لە ئـانی سیاســەتی ئـۆزال و چنیــنەوەی بەرهەمـــی ئـــابوریەکی بەهێـــز لە ئێـــستادا. وەک پرۆسەی بە ئابوریکردنی نەوت لە ئیمارات و نەرویج نەک بە "پارەکردن" و بە کاغەزکردنی سامانی سروشتی.

ئەزمـــوونی ئێـــرە بە خـــاڵێکی مەترســـیدار لە سیاســـەت و ئیدارەدا گەیشتووە، ئەزموونێک نیوەی گیانی ئاڵای دیموکراسی هەڵـداوە و بە نیـوەکەیتری نـیمچە دیکتاتۆرەکـان سـەرەتاتکێی چەسپین دەکەن، لەڕاستیدا پێچەوانەی ئەو ڕایەی کە پێی وایە هەرگیـز لە فـرە حزبیـدا دەسـەلاتێکی مەرکەزی و قەیرانـاوی و مەترســـیدار (وەک هێمـــای ئەوەی خەرجـــی بێمانـــای زۆر و بەدەردراوە) نەیەتە ئاراوە، بەشێک لە ئەزموونەکانی دنیا پێمان دەڵـێن کە دەکـرێ چەنـد حزبێـک پـێکەوە خـراپ سـود لە دەســەلاتێک وەربگـرن و دنیـایەک بهێنـنە ئـاراوە کە هەل بـۆ

ئەوانی دیکە و هەلی راستەقینە بۆ کۆمەڵگە بەرتەسک بکەنەوە، هاوکات جوگرافیای دەسەڵات ناوچەیی بێ یان ئاسۆیی لە نیوان خۆیاندا دابەشبکەن و قۆرخی داهات و دەسەڵات بکەن ئەگەرچی لە روخساردا دیموکراسی دەنوێنن و دەنگدان و نوێنەرایەتیش بوونی هەیە. زۆرجار بە هۆی برسیکردن یان قەیرانێکی ئابورییەوە هەلی مەترسیدار لەدوای قەیرانەکانەوە دەردەکەوێت و ئیستیغلالی قوت و بە کێشەزانینی دیموکراسی و بێبەهابوونی دەزگای دیموکراسی و دەنگ و ئاواتخواستن بە مەرکەزیەتێکی نادیموکرات، کە ئەمە خەمی ئێمەیە بۆ ئەم قەیرانەی ئەمڕۆی کوردستان زیاتر لەوەی کە "بێپارەیی" ئەمڕۆ خۆی کێشەیە. ئەزموونەکانی حزبە پۆپۆلیستیەکانی سەدەی رابردوو و ئۆلیگارشیەکانی پێشتر لەبەرهەمی ئەو جۆرە قەیرانە ئابوریانەبوون کە رویان دەکردە کۆمەڵگە و نمونەی ئەم حزبانە یان ئیئتلافی چەند حزبێک هەلەکەیان دەقۆستەوە و بە هۆی برسی و قەیرانی داراییەوە دەبوونە دیکتاتۆر، یان لانیکەم ئیئتلافی نیمچە دیکتاتۆری و نیمچە دیموکراسی دەهێنایە گۆڕێ.(٢)

دیارە بۆ کوردستان بەدور نازانرێت، مەترسیەکە لەبەردەمماندا، ئەگەر کۆمەڵگە و تاک و ئەزموونە ناحکومی و

[2] پل بروکر: رژیم های غیر دیمکراتیک، ترجمه، علیرضا سمیعی اصفهانی، انتشارات کویر، تهران، ١٣٨٨، ل٣٥١.

حزبیەکان کارانەکرێنەکرێنەوە بە سروشتی کۆمەڵگەی حزبی کوردستان ئەوا ئاسەواری قەیرانەکە مەترسیدارتر دەبێت.

ئەڵبەتە لە رابردوودا (گەرهەرواش تێپەڕێت مەترسیدارە) ئەوەی ئەزموونی هەرێم بەرهەمی هێنا و مەترسیدار بوو ئەمە سیماکانی بوو:

١. حوکمڕانیکردن-ی کردە خەزێنەی پارەداربوون نەک جێیەک بۆ بنیادی ئابوری و پارەپەیداکردن بۆ کۆمەڵگە، لەبری ئەوەی ببێتە هۆی زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات بۆ هاولاتیان. تەنانەت ئەو سەرچاوانەی داهاتیش کە نەوەدەکان هەبوون و ئیدارەی دەزگاکانی دەوڵەتیان پێدەکرا ئەوانیش بە جۆرێک لە جۆرەکان لێیاندرا و کۆی ئابوری و سەرچاوەکانی داهات لە گومرک و پیشەی دەست و زەریبەکان و کشتوکاڵ و وەبەرهێنانی ناوخۆیی گۆڕردرا بۆ تاکە سەرچاوەی نادڵنیای "نەوتفرۆشی".

٢. لێدانی ئیرادەی کۆمەڵگەیەکی بە ورە و کۆڵنەدەر کە لە ناو سەردەستە "سرەرەوەکاندا"بێکۆڵدان شوناس و هەبوونی خۆی پاراست، ئەگەرچی خەباتێک بووە سەداسەد بۆ "مانەوە" نەک "بەڕێوەبردن"!، تەنانەت ئەوکاتانەش کە دەنگی نائومێدی لولەی تفەنگ و شۆڕشیشی بێدەنگکردبوو، ئەوکاتانەش "کوردبوون" لە دەسگێڕێکەوە تا بازرگان و مەلا و ریشسپیاندا

قوربانی بۆ دراوە و لانیکەم بە ئیرادە و شوناس نەیانهێشتووە سڕینەوە دوا ئەگەر بێت.

بەڵام دوو دەیە رابـــــردوو نەتـــــوانرا کــــار بکرێـــــت پەروەردەکردنــی و گــۆڕینی ئیــرادەی "خەبــاتی مــانەوە" بــۆ "خەباتی ئاوەدانی و بەڕێوەبەردن".

٣. لێـــدان لە بازرگـــان و ســـەرمایەدارانی راســـتەقینە و گۆڕینەوەیـــان بە "بازرگانـــانێکی بێڕیـــشە و کەمئەزمـــوون و بـێخەم، بە جۆرێـک نەک داهاتیـان زیـادنەکرد بگـرە زەوی و سـندوقی پـارەی هەرێـم کـرایە موڵکیـان و بە نـاوی "قەرزی وەبەرهێنانیـشەوە" و زەویـش "وەک هانـدان!" کـرانە مـوڵکی ئەم وەبەرهێن و سەرمایەدارە نوێیانە کە نە قەرزەکە دەگێڕنەوە نە زەویەکە بـوویە ژێرخـانی ئـابوری. و ئەنجـامی کارەکەشـیان بینای بەرزی بێبەرهەم و چۆڵ و زیادکردنی کڕیاری "نەرێنی" و بە پاشکۆکردنی ئابوری بوون.

دیـارە دروسـتکردنی ئەم جـۆرە لە بازرگـان و بەڵێنـدەر بـۆ دۆخـــی کەڵەکەبـــوونی پـــارە لە دەزگاکـــانی حکومەتـــدا و "خۆشـــــگوزەرانی روکەشـــــانە"ی کـــــۆمەڵگە دەگەڕایەوە و هەمانکاتیش لەبەرئەوەی دنیابین بەڕیوەبەران بۆ لێپرسـراوێتی بریتـی بـوو لە "خۆدەوڵەمانـدکردن" نەک خۆشـگوزەرانکردنی هاوڵاتیـان، بـۆیە کۆمپانیـای ناکـارا و وەهمـی دەسـازێنران،

بەمەش هەم پــارەکە ســـوورێکی "درۆزنـــانە"ی دەبینـــی و هەم چینێکی کردە سەرمایەدار.

٤.بە پاشکۆکردنی ئابوری کوردستان بۆ وڵاتانی دراوسێ و ناسـاندنی وەک "هەنگـاوی خۆشـگوزەرانکردن و ئابوریـانە". لە کاتێکـدا پـێچەوانەوە سیاسـەتەکە ئەمەبـوو: (وڵاتـانی دراوسـێ نەوت و ســـامانی سروشـــتیان بـــۆ کوردســـتان کـــردە پـــارە، پارەکەش هەر لەو وڵاتانە دەکرایە کەلوپەلی ئیستیهلاکی و هەر بەو کەلـــــوپەلانە پـــــارەی ســــــامانە سروشـــــتیەکانیانی وەردەگیرایەوە). کە دەکرێت بەو داهـاتە بوژاندنەوەی پیشـەی دەســـتیی و کـــارگە لەکارخراوەکـــانی ســـەردەمی دیکتـــاتۆری پێشوو و بەبازاڕدارکردنی بەرهەمەکشتوکاڵیەکان ئامـانج بێت، بەمەش لە واقیعدا سـامانی سروشـتی بۆ بەهـایەکی ئـابوری و بنیادنــانی ئـــابوریەکی لۆکـــاڵی و کەمکـــردنەوەی موچەخـــۆرانی بێئەرکی لێدەکەیتەوە.

**زیندوکردنەوەی ئەزموونی سەرمایەدارانی پێشوو:**

دەکرێـت ئەم قەیـرانە وەک دەروازەیەک بـۆ پەنـدوەرگرتن بێـــت بەمەبەســـتی کەمکـــردنەوەی دەســـتێوەردانی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی دروست و کاراکردنی ئەزموونەکانی کۆمەڵگە و تاکەکان بێت.

چـــونکه هەوڵـــی روکەشـــانە بە بـــێ کـــاراکردنی رۆڵ و ڕێکـــردنەوە بـــۆ تاکەکـــانی کـــۆمەڵگە بە "ژن و پیـــاوەوە"، چارەســـەرێکە کورتخـــایەن و بەژیلەمـــۆکردنی کێـــشەکانە و گەشانەوەیانە لە داهاتوویەکی نزیکدا.

بۆ ئەوەی دنیای ئابوری و ئارامی کۆمەڵایەتی گەشـە بکات دەبێـــت بەراســـتی دەوڵەت و حکـــومەت بکەیـــنەوە لایەنـــی منەتبـــارکراو لەلایەن خەڵـــکەوە، ئەمەش بە پـــشتبەستن بە دەستکێشانەوە لە وردو درشتی بـازاڕ و ڕێدان بـۆ دەرکەوتنی ســـەرمایەداری راســـتەقینە و ڕێکخـــستنەوەی پەروەردە و هۆکارەکـــانی گەشـــەکردنی کـــۆمەلایەتی بە ئاراســـتەیەک کە پـــشتبەخۆبەستن و زینـــدوکردنەوەی چەمـــکە ئەخلاقیەکـــان و بەهێزکردنی ئابوری تاک لە هەنگاوە گرنگەکان بێت. حکومەت چـاوی لە دەسـتی تاکەکانی بێت هەم بـۆ "دەنگ و کورسـی" و هەم بـۆ ئەوەی بمێنێـتەوە، کـۆمەڵگەش خـۆی روگەی ئـابوری خۆی بێت.

بـۆ ئەمەش ئەزمـوونی خۆبەخـشی و کـاراکردنەوەی رۆڵە لەبیرکراوەکـانی دەرەوەی حکـومەت لە ئەرکەکـانی ئێـستایە، بە جۆرێـک ئـاوەدانی و خزمەتگوزاریەکـان بەشـێکیان بـکەونە ئەسـتۆی سـەرمایەداران چ سـەرمایەدارانی ئـابوری چ خـاوەن سەرمایە مەزهەبی و کۆمەڵایەتیەکان.

ڕەنگە نمونەکانی ناو "گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری"ی مەلا عەبدوڵڵای زێوەر (١٨٧٥-١٩٤٨ز) بەس بێت بۆ ئەوەی بسەلمێت کە سەرمایەدارانی ئابوری و کۆمەلایەتی لە دەورەی مەلەکی عێراق چ شاکارێکیان لە دنیای خزمەت و ئاوەدانی کردبێت، بە نمونە: چاکەکاریەکانی سەرمایەدارێکی وەک عەلی کەمال کە جیا لە خزمەتەکانیتری، ئەرکی خەرجی خوێندکارانی کوردی سلێمانی لە بەغدا خستبویە ئەستۆی خۆی، شێخ حسامەدین لەسەربنەمای **(اماطة الاذی عن الطريق)** ڕێگاکانی دەربەندیخان-سلێمانی و خەرپانی-تەوێڵەی فراوان و چاککردوە، یان میرزا تۆفیقی قەزاز کە ناوچەی سەرچناری سلێمانی لە قەبرستانێکی بێ سایە و سەراوی سوبحانئاغای لە مەملەکەتی مێرو و مێشولەوە کردە ناوچەیەکی پڕداهات و خۆژێن و خەڵکژێن و ئاوەدان. (٣)

بە دیقەتتدان لەو نمونانە و دەیانی تریش تێدەگەین کە زیندوکردنەوەی ئەم ئەزموونانە جیا لەوەی دەستی حکومەت لە کۆمەڵگەدا سنوردار دەکەن و منتەتباریشی دەکەن و خەڵکیش "لە ماسیخواردنەوە فێری ماسیگرتن دەکەن".

---

[3] عەبدولا زێوەر: گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، لێکۆڵینەوە: حەمەی مەلاکەریم، چاپخانەی الادیب، بەغدا، ١٩٨٥، ل ١٠٣ و ١١٤ و ١٢٠.

# پێنجەم: ڕوانین بۆ قەیران

د. سەلمان نادر

ڕۆشنبیر و توێژەری فیکری دینی

دەزانین ئەم قەیرانی مادیە تەنگ و چەڵەمە بۆ هەمووان دروست دەکات، بەڵام ئایا ناکرێت وەک دەرفەتیش تەماشای بکەین بۆ بیناکردنی پردێک لەسەر ڕێگەماندا بۆ پەڕینەوە لە قەیرانەکانی داهاتو؟

ئەگەر واقیعیانە مێژووی مرۆڤایەتی بخوێنینەوە ئەوا دەبینین هەژاری و نەخۆشی دوو گرفت بوون بە بەردەوامی ڕووبەڕووی مرۆڤ بونەتەوە، هیچ کۆمەڵگەیەک نییە توانیبێتی خۆی لەم دوو گرفتە رزگار بکات، ڕاستە هەم ئاستی ئەو دوانەوەو هەمیش ڕێژەکەیان دەگۆڕێت، بەڵام لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگەکانیشدا پێداویستی مرۆڤەکان زیاتر دەبێت و ئەوەی دەستیان دەکەوێت هەرچەندە زۆرتریش بێت ناتوانێت پێداویستیەکانیان تێر بکات، بەتایبەتی کاتێک مرۆڤ خواستەکانی زۆرتر ڕوو لە دەرەوەی خۆی بکەن و پشتکردنە چەمکەکانی قەناعەت و بەخشین و میهرەبانی و بەدەم ئەوی ترەوە بوون بوبێتە کاری بنەڕەتی، گەران بەدوای بەختەوەریدا لە دەرەوەی خۆیەوە ببینێتەوە و واش بزانێت بە تێر کردنی حەزەدەرەکیەکانی و دابینکردنی پێداویستیەکانی دەتوانێت کامەرانی و بەختەوەری فەراهەم بکات بۆ خۆی، کەواتە هەم هەژاری و هەمیش نەخۆشی دیاردەیەکی نوێ نین ئێمە یەکەم کەس بووبین ڕوو بەڕوومان دەبنەوەو کۆتا کەسیش نین، ئەوەی گرنگە لەتەنیشت کارکردن بۆ کەمکردنەوەی دەرد و

مەینەتیەکـانی خۆمـان ئەو ئەوانـی تریـشەوە بـزانین ئەگەری ڕووبەڕووبـونەوەی ئەو دیـاردانە بـۆ ئـێمە هەن و پێویـستە بزانین لەو دۆخەدا چۆن مامەڵەیان بکەین.

## چۆن دەتوانین بەجۆرێکی دیکە تەماشای قەیران بکەین

مێـژوو سـەلماندویەتی هەر پەیوەنـدیەکی مرۆیـی ئەگەر لەسـەر بنەمـای بەرژەوەنـدی هـاوبەش و هاوسـەنگ نەبوبێـت نەیتوانیـوە درێـژە بکێـشێت و بەردەوام ببێـت، بەتـایبەتی ئەگەر ڕەگەزی مادی هاتبنە ناو ئەم پەیوەندیەوە

لانـی کەم ئەگەر لایەنێکـی پەیوەنـدیەکە نابەرپرسـیارانە مامەڵەی کردبێت ئەم کۆتایی هاتنە بەهێزتر بوو.

ئەگەر ئەم جۆری پەیوەنـدیە گەشـە سـەندو نەبوبێـت و لانـی کەم یەکێک لە لایەنەکانی لە ئاستە چەقبەستوەکەی پەیوەندیدیدا مابێتەوە. کەواتە ئەگەر ئەم قەیرانە تەنها ئەو ڕاستیانەی بۆ ئێمە سـەلماندبێت پێویـستە لە داڕێـژانەوەی پەیوەنـدیە ئابوریەکانمانـدا هەوڵ بـدەین پەیوەنـدیەکانمان لەسـەر بنەمـای بەرژەوەنـدی هاوبەش و هاوسەنگ ببن بۆ ئەوەی لایەنـی بەرامبەر لە کۆتـایی پێهێنـان و دەسـتکاریکردن و کەمتەرخەمیـدا هێنـدەی ئەوەنـدەی دەیبەخـشێت ئەوەنـدەش لەدەسـت بـدات، تـا ئەمەش گرەنتـی بەردەوامـی پەیوەنـدیەکانمان بێـت، چـونکە لە ڕابـردودا ئەو پەیوەنـدیەی لە نێـوان ئـیمە و حکومەتـدا هەبـوون پەیوەنـدی بەرژەوەندی هاوبەش نەبوون لە زۆرترین باردا، بەڵکو جۆرێک

له خێـر پێکـردن و مـنەت بەسـەردانان بـوە، چـونکە هێنـدەی وەرگرتنی ئەو موچەیە کارمان نەکردوە.

ئەگەر هەسـتمان کـرد لایەنێکـی پەیوەنـدیەکە کەمـتەرخەم و نایەوێت وەک پێویست پابەندی تەنانەت بەرژەوەندیەکانی خۆشی ببێت زۆر گرەو لەسەر ئەو پەیوەندیە نەکەین و خۆمـانی لەسـەر نەخەینە گرفتەوە، وەک ئەوەی لە رابردودا سـەرباری ئەوەی ئەم متمانەیە بە حوکمەتی هەرێمی کوردستان نەبوو بەڵام هاوڵاتیـان زیـاد لە رادە متمانەیـان بەو توانـا ئابوریـانەی هەرێـم هەبـوو و زۆرتـرین ئەو خێزانـانەش کە ئەم قەیـرانە تەنگـی پـێ هەڵچنیـون ئەوانەن زیـاتر لەوەی دەسـتیان کەوتـوە لە رێـگەی راکێـشانی قیست و سولفەوە خەرجیان کردوە

لایەنـی بەرامـبەر گەشـە سـەندوو نەبـوو وەک ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی ئابورییەکی فرە رەهەند بونیـات بنـێ و سـود لە توانـای مرۆیـی هاوڵاتیـانی کوردسـتان وەربگرێت

**چۆن ئەمانە دەرفەتن**

ئەگەر ئـیمە بـزانین پەیوەنـدیەکانمان هاوسـەنگ نەبـوون و متمانەمـان زیـاتر لە خـۆی بە حکـومەت کـردوەو حکـومەتی هەرێمـیش لە ئاسـتی گەشەسـەندودا نەبـوەو بەدەر لەوەی نەیتوانیـوە ئـابوریەکی بـاش بونیـات بنـێ، بەڵکـو لە رێـگەی بەهەدەردانـی سـامانەوە ئەوەش هەبـوو لاوازی کـردوە، دەبێت دڵنیابین لەوەی ئەم قەیرانە هەر رووی دەدا، کەواتە لە ئەمڕۆدا

هەم ئاسانترەو هەمیش توانای بەرگەگرتنی باشترە لەسەر دوو بنەما

ئاسانترە چونکە تا بەردەوام ببوینایە لەسەر ئەو جۆرە ژیانەی لەو ماوەیەدا پێوەی سەرقاڵ بوون ژیان سەنختر دەبوو پێداویستیەکانیش زیاتر و قەرز و سولفەی سەر هاوڵاتیانیش زیاتر دەبوو.

مانەوەی ئەو جیلە لەناو کۆمەڵگەدا کە قەیران دیوەو بەرگەی گرتوەو لانی کەم لەدەرەوەی ئەم جۆرە ژیانەوە دەتوانێت هەندێک کار بکات و هەندێکی دیکەش (منداڵ و براو کەس و کاری ) فێر بکات ، توانای بەرگەگرتنی قەیرانەکە و دۆزینەوەی هەلی دەرچون لێی دەرەخسێنێت، بۆیە ئەگەر ئەو قەیرانە دوا بکەوتایە ئەم جیلەش کەمتر دەبونەوەو کۆمەڵگەیەکی بخۆر و دەست و پێ سپی دروست دەبوو کە نەبەرگەی قەیرانەکەی دەگرت و نە توانای دەرباز بونیشی لێ دەبوو.

**چۆن بتوانین بینای داهاتوو بکەین؟**

ئەم پرسیارە زۆر بەجێیە،کاتێک من لە قەیراندام چۆن بتوانم داهاتو بینا بکەم؟ یان بەچی بیکەم؟

وەک وتمان ئەم پرسیارە بەجێیە، بەڵام وەڵامیشی هەیە ، وەڵامەکەی تەنها لە دوو بنەماوە سەرچاوەی گرتوە

جەختت بگۆرە(تحويل التركيز) لە هەر قەیرانێکدا یان گرفت و نارەحەتیەکدا، ئەگەر مرۆڤەکان بەردەوام بیرکردنەوەیان

لەسەر خودی قەیرانەکەو مەترسیەکانی و خەتاباریەکانی ئەم قەیرانە....هتد بێت، هەم قەیرانەکە زاڵتر دەبێت بەسەریاندا و هەمیش جگە لە پەرتکردن و نارەحەتکردنی خۆی و ئەوانی دیکەش شتێکی چنگ ناکەوێت، ئەی کێ دەتوانێت ڕێگە نەدات قەیرانەکە بەسەریدا زاڵ ببێت، ئەوەی کەسەی جەختی دەگۆڕێت لە خودی قەیرانەکەوە بۆ چارەسەری قەیران

واتە بە گواستنەوە بۆ قۆناغی پاش قەیران، بە قبوڵکردنی قەیران وەک دراوێک ئیدی ئەگەر هۆکارەکانی ئەم قەیرانەعادیلانە بن یان ناعادیلانە، کەواتە قەیران واقیعی ئیمەیە و چۆن دەتوانین رزگارمان ببێت لێی ، ئەمە تەنها بۆ ئاستە تاکیەکە راست نییە، بەڵکو بۆ ئاستە جەماعیەکەش راستە.

**خۆت سەرمایەی:**

ئەگەر تا ئێستا باوەڕت وابووە سەرمایەکەت لە دەرەوەی خۆتەوەیە ئەوا ئێستا باوەرت بگۆرە بەوەی خۆت سەرمایەی خۆتیت، چونکە ئەگەر سەرمایە لەدەرەوە بێت ئافاتێکی دەرەکیش لێتی دەسەنێتەوە، نمونە زۆرن لەم روەوە، دەگێڕنەوە مرۆڤێک بۆ خوێندن دەچێتە دەرەوەی شارەکەی خۆی پاش تەواو کردن خوێندن کە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی روو بەرووی کۆمەڵیک رێگر دەبێتەوە، دەیگرن هەموو کتێب و وەرەقەو دەفتەرەکانی پەرت و بڵاو دەکەنەوە، کاتێک

هەرچیان دەوێت لێی دەسەنن و دەڵێن برۆ دەست دەکات بە وەرەقە کۆکردنەوە، چەتەیەکیش پێی دەڵێت ئەوە چی دەکەیت ، دەڵێت زانستەکەم کۆدەکەمەوە ئەویش دەڵێت هەستە زانست ئەوەیە لە سنگتدا بێت نەک لە وەرەقەکانتا رێگە نادات کۆی بکاتەوە، بۆیە دەمانەوێت بڵێن سەرمایە ئەو زیرەکی و عەقڵەیە کە هەتە و بەهۆیەوە دەتوانیت سامان بونیات بنێی

پاش جەنگی جیهانی دوەم و خۆ بەدەستەوە دانی یابان کاتێک بالوێزی یابان هیندستان بەجێ دەهێڵیت، کاربەدەستێکی هیندی پێی دەڵێت بەخوا بەزەیم پێتاندا دێتەوە ئیمە زەوی کشتوکاڵیشمان هەیە ئیوە ئەوەشتان نییە دەترسم لە برسا بمرن، باڵوێزە یابانییەکەش لە وەڵامدا دەڵێت بەزەیت بە ئیمەدا نەیەتەوە ئیمە عەقڵمان هەیە، کەواتە پێویستمان بە وەرچەرخانی رووگەمانە بۆ بە سامان کردنی خۆمان

# شەشەم: ئەخلاقیاتی سەردەمی نوێ
# و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیراندا

موسعەب ئەدهەم
نووسەر و ڕۆشنبیر

**ئێمە و سەردەمی نوێ**

سەردەمی نوێ و ئەو دونیایەی ئێستا تێیدا دەژین، دونیایەکە جیاواز لە دونیای پێشوو و بەلایەنی کەمەوە جیاواز لە سەد ساڵی پێشووتر، بە جۆرێک گەورەترین گۆڕانکاری لە ڕوانین و بەکارهێنانی شتە ماددییەکان و دروستکردنی گەلێ شتی جۆراوجۆر روویداوە، دیارە دەرکەوتنی تەکنۆلۆژیا و بەرهەمەکانی مۆدێرنە و دونیای نوێ بە تەنها هۆکار یان تایبەتمەندی ئەم سەردەمی نوێیە نین، بەڵکو ریشەیەکی قوڵتر لە پشت ئەم بابەتانە و گۆڕانکارییەکانەوە هەیە، ئەویش گۆڕینی تێڕوانین و مەبەست و ئامانج و ئامرازەکانی ئێمەی نیشتەجێبوانی سەردەمی نوێیە. ئیدی لێرەوە بە کورتی دەتوانین بڵێین ئەو کاتەی تێڕوانینی مرۆڤ بەرامبەر بە خۆی و جیهان گۆڕا، سەردەمیش گۆڕا و دونیایەکی لەم شێوەیەی ئێستا دەرکەوت و بەرهەم هات، چونکە بە گوتەی (مەولانا رۆمی)یش، مرۆڤ دیدو ڕوانین و بیرکردنەوەیە.

**کورد و سەردەمی نوێ**

لە سەردەمی نوێدا کۆمەڵگەی کوردیمان وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تری دونیا رووبەڕووی قەیرانی رۆحی و دەروونی بۆتەوە، ئەمەش بەهۆی گەورەبوونی دونیای ماددی و لەبەرامبەریشدا بچووکبوونەوەی دونیای رۆحی و ناوەکیمان

و هەروەها گرنگیدان بە دونیای دەرەوە و ئاوەدانکردنەوەی بە جۆرێک هەروەک بیرمەندان و فەیلەسوفانی سەردەمی نوێ دەڵێن مرۆڤ هێندە خەریکی دونیای دەرەوەیە، خۆی بیرچۆتەوە و قەیران و گرفتە دەروونییەکانیش لێرەوە دەست پێدەکەن.

مێژووی مرۆڤایەتی هەموو شارستانییەتێک و کۆمەڵگەیەک دوو دیوی هەیە، دیوێکی ناوەکی و رۆحی و دیوێکی مادی و دیار، یان بە مانایەکی تر، لایەنی عەقڵانییەت و لایەنی مەعنەوییەت، مانەوەی هەر کۆمەڵگەیەکیش لەسەر هاوسەنگکردنی ئەم دوو لایەنە وەستاوە، هەرکات ئەم هاوسەنگیە تێکچوو، داروخان و لەناوچوونی کۆمەڵگەش مسۆگەرە. لە سەردەمی نوێ و دونیای مۆدێرندا هاوسەنگی ئەم دوو لایەنە تێکچووە و مرۆڤ وزیاتر و زیاتر لایەنی عەقڵانییەت و ماددیگەری تێدا زاڵە و ئەمەش رەنگدانەوەی لە رەنگرێژکردنی ئاراستە و پێکهاتەی هەر کۆمەڵگەیەکدا هەیە، بۆیە دەبینین مرۆڤەکان زێدەتر رووەو لایەنی ماددی رۆیشتون و عەقڵی ئامرازی و دوور لە رۆح بەسەریاندا زاڵە بووە لە ئەنجامی ئەمەشدا تووشی گەلێک گرفت و کێشەی دەروونی و رۆحی بوونەتەوە، لایەنی رۆحی و چەمکە رۆحیەکان کاڵ بوونەتەوە، لێرەوە مرۆڤایەتی بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی ئێمەش کە لەو تەوژمی زاڵبوونی لایەنی ماددیگەری و دوور لە

رۆحیە بەدەر نییە، بەرەو ئەو دونیا ماددیە هەنگاوی هەڵگرتوە، هەرچەندە جیاواز لە کۆمەڵگەکانی تر هێشتاش لایەنە خراپ و جێکەوتە نەرێنییەکانی بە تەواوی دەرنەکەوتون، بەڵام دەکارێ بڵێین خەریکە بە تەواوی روەو ئەو دونیا بێ رۆحە هەنگاو هەڵدەگرێت. مرۆڤی سەردەمی نوێ بیر لەوە ناکاتەوە تواناکانی زۆرن و دەبێت سنووریان بۆ دابنێ، بەڵکو بیر لەوە دەکاتەوە چەندە دەتوانێ، هەموو ئەو توانایەی بەکاربهێنێت و گۆڕانکاری دروست بکات، بێئاگا لەوەی مەرج نییە هەموو گۆڕانکارییەک لە بەرژوەندی خۆیدا بشکێتەوە و سوودی بۆی هەبێت، بە داخەوە ئەم گۆڕانکارییەش گۆرانکاری بوو لە دونیای دەرەوە نەک ناوەوە، ئەمەیە مانای ئەو قسە هۆشیارەی (مارکس)ی فەیلەسوف کە وتی، فەیلەسوفەکان تاکو ئێستا راڤەی جیهانیان کردوە، بەڵام ئێستا نۆرەی گۆڕینی جیهانە. بەڵام وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا گۆڕان دەبێت لە ناوەوە روویدات، وەگەرنا مرۆڤایەتی ئەمڕۆ لەوپەڕی هەبوونی ئامراز و بەدەستهێنانی دەستکەوت و هۆکارەکانی فەراهەمکردنی ژیانی خۆشگوزەرانەیە، بەڵام بۆچی بەم دۆخە ناهەموار و دوور لە ئومێدە گەیشتوە؟ دیارە لەبەر گۆڕانکاری لە جیهانی دەرەوە و شتانی ماددی و ئەمەش لەسەر حیسابی دونیای ناوەکی و دەروونی خۆی، ئەمەش نهێنی ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆزە کە دەفەرموێ: خودا هیچ گەل و نەتەوەیەک ناگۆڕێت، تاکو خۆیان

نەگۆڕن. بەڵام ئێمە دەرەوەمان گۆڕیوە بەبێ گۆڕین ناخ و دونیای ناوەوەمان. هەروەها (ئیقباڵی لاهوری)یش دەڵێت: "کە مرۆڤیش گۆڕا، جیهان دەگۆڕێت و دەبێتە جیهانێکی تر".

## چی بکەین؟

یەکێک لە بابەتە هەرە سەرەکیترین و نوێترین بابەتەکان لە فەلسەفەی ئەخلاقدا لە سەردەمی نوێدا، بریتیە لە حیسابکردن بۆ ئەویتر و سەیرکردنی مرۆڤەکان وەکو خود، بەو مانایەی ئەویتر وەکو خۆمان سەیر بکەین، ئیدی لێرەوە خۆشیی و باشی و شتە چاکەکانی خۆمان بۆ ئەوانیتریش دەخوازین و هەوڵیان بۆ دەدەین و دەکۆشین تاکو ئەویتریش وەکو من خاوەنی خۆشیی و باشی و خاوەن فەزیلەت بێت. بە دەستەواژەی فەیلەسوفی ئەخلاق "ئیمانوئیل لویناس"، "پەروا ئەوانیتر"بوون، هەڵبەتە ئەمەش داخوازی مرۆڤبوونە و داخوازی ژیانی مرۆییە و ئەخلاق لێرەدا دێتە ناوەوە و گرنگی و بابەتی ئەخلاق لێرەدا رۆڵ و پێگەی دەست پێدەکات. دیارە ئەم بابەتە لە هەموو ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکان و تیۆریا ئەخلاقیەکاندا بوونی هەیە. ئەوەی کە لە فەرموودەیەکی شیرینی پێغەمبەر خۆشەویستدا (د.خ) ئاماژەی پێکراوە کە "ئەوەی بۆ خۆت پیت خۆشە، بۆ ئەوانیتریش پێت خۆش و بە پێچەوانەشەوە ئەوە بۆ خۆت پیت ناخۆشە، بۆ ئەوانیتریش پیت ناخۆش بێت." هەروەها ئەم بابەتە واتە بابەتی سەیرکردنی ئەویتر وەک خود یان بە پێچەوانەوە لە ئەخلاق و

فەلسەفەی ئەخلاقدا پێی دەوترێت یاسای زێڕینی ئەخلاق، لێرەوە ئێمە دەتوانین بە دەم ئەوانیترەوە بین، دەستگرۆیی ئەوانیتر بین، ئەوکاتەی ئەوان پێویستیان پێمانە وەکو خۆمان و نزیکەکانمان لێیان بڕوانین و وەکو جەستەیەک کاتێک ئەندامێکی تووشی ئازارێک دەبێت، ئیدی هەموو جەستەکە نەخۆش و تووشی ئازار دەبێت، کتومت کۆمەڵگەی مرۆیی بەمجۆرەیە، خۆشییەکانی هەمووان خۆشی تاکەکانە و ناخۆشی و سەختیەکانی هەمووان ناخۆشی و سەختی تاک تاکی مرۆڤەکانە، مرۆڤبوونی مرۆڤیش لەوەدایە ئاگاداری غەم و خەمی ئەوانیتر بین و لە شادابییەکانیشیاندا خۆشحال و بەشدار بین، (سەعدی شیرازی) لە شیعرێکی جوانیدا ئەم بابەتەی روون کردۆتەوە و دەڵێت:

مرۆڤەکان ئەندامانی یەکتر، لە ووبن و دروستبوون و پێکهاتنیاندا لە گەوهەرێکن، کاتێک ئەندامێک تووشی ئازار دەبێت، ئەندامەکانی تریش ئارامیان نامێنێت و تووشی ئازار دەبن، تۆ کە لە ئازاری ئەوانیتر بێ غەمی، ناکرێت ناوی مرۆڤت لێ بنرێت و پێت بوترێ مرۆڤ.

**چۆن خەمی ئەوانیترمان هەبێت؟**

ئەخلاق و فەزیلەتە ئەخلاقییەکان یەکێکن لە جیاوازییە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی مرۆڤ و بونەوەرانی تر، بۆیە هەبوونی فەزیلەتەکانی راستگۆیی، عەدالەت، دەستپاکی، دڵسۆزی، خۆبەکەمزانین و چاکەکاری و... هتد مرۆڤ زیاتر لە

مرۆڤبــوون و گەورەبــوونی رۆحـــی نزیــک دەکەنەوە و تـــاکو ئاســتی بــاڵا و تەواو و شایــستە کە پێویــستە پێــی بگــات. بە پێچەوانەوە نەبوون و نائامادەگی ئەو فەزیلەتانە لە دەروون و کردار و گوفتاریدا مرۆڤ بەرەو پلە نزمەکانی مرۆڤبوون نزیک دەکەنەوە، تاکو ئەو رادەیەی لە زیندەوەرانیتر نزیک ببێتەوە.

دیـــارە فەزیلەتەکـــان زۆر مـــرۆڤ بتوانێـــت لە ژیانیـــدا پەیڕەویان لێبکات و لەسەریان بڕوات، لێرەدا سێ لە گرنگترین ئەو فەزیلەتانە باس دەکەین، ئەم فەزیلەتانە، بەشێکی سـەرەکین لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئەخلاقی.

ئەو تایبەتمەنـدییانەی بنـاغە و بنەڕەتـی ژیـانی ئەخلاقــین، دەشـێ زۆر لەوە زیـاتر بـن کـە لێـرەدا هەن، بەڵام جۆرێـک لە جۆرەکان هەریەک لەو سیفەت و تایبەتمەندییانە دەچنە خانەی یەکێک لەم فەزیلەتانەوە، ئەو فەزیلەتە سـەرەکیانەش زۆرتـرین یــاخود کــۆی تایبەتمەنـدییە بنەڕەتیەکـانی ژیــانی ئەخلاقــی و ئەخلاقیـانە ژیانیـان لەسـەر وەسـتاوە، ئەمـانەن: خـۆبەکەمزانین "تواضـع"، چاکەکـاری "احـسان" و "راسـتگۆیی. لە بەرامـبەر ئەم سێ فەزیلەتەشـدا، سـێ رەزیلەتمـان هەیە و ئەوانـیش ئەمـانەن، تەزویر، خۆبەشت زانین و سەرسوڕمان بە خود و ستەمکردن. وەک ئاماژەمـــان پێکـــرد هەمـــوو فەزیلەتەکـــان و هەمـــوو رەزیلەتەکـــانی تـــریش لەم شـــەش فەزیـــلەت و رەزیـــلەتەوە ســـەرچاوە دەگــرن، بــۆ ژیــانی ئەخلاقــیش دەبێــت ئەم ســێ

فەزیلەتە بەدەست بهێنین و سێ رەزیلەتەکەی تریش لە خۆمان دوور بخەینەوە و لایانبەرین. سێ فەزیلەتە سەرەکیەکە ئەمانەن:

١-خۆبەکەمزانین "تواضع": واتە، خۆخستنەبری ئەویتر، و سەیرکردنی خودی بە چاوە بێگانە، بۆ نموونە کاتێک مرۆڤ خەڵاتێک وەردەگرێت، وێنای ئەوە بکات ئەوی دیکە یان کەسێکی تر ئەم خەڵاتەی وەرگرتوە و هەروەها چاکی و کارە باشەکانی تر بە کاری باشی خۆی بزانێت. ئەو فەزیلەتانەی دەکەونە بازنەی ئەم فەزیلەتە سەرەکیەوە، دەتوانین رووخۆشی، سەخاوەت و بەخشین، دادگەری و...هتد ناو بەرین.

٢- چاکەکاری: واتە ئەویتر خستە بری خۆت و سەیرکردنی ئەویتر بە چاوی خۆت، بۆ نموونە: هەر بەو جۆرەی بە خێرایی لە هەوڵی لابردنی رەنج و ئازاری بۆ ئەوەی نەمێنێت، بە هەمان شێوە هەوڵی لابردنی رەنج و ئازارەکانی ئەوانیتردا بیت. ئەمەش سێ ئاستی هەیە:

ا-رەنج و ئازارە بە ئەوانیتر نەگەیێنین.

ب- ئەو رەنج و ئازارەی تووشی بەرامبەرەکەمان بووە،نەیهێڵین و بە لایەنی کەمەوە کەمی بکەینەوە.

ج-دروستکردنی چێژ و بەخشینی خۆشی و چێژ بە بەرامبەرەکان، وەک هاودڵی و هاودەردی، بەخشش و بەخشین، نەرمونیانی و لێکبوردن و ئاسانکاری.

٣- راستگۆیی: ئەمەش بریتیە لەوەی مرۆڤ دیوی دەرەوە و ناوەوەی وەکو یەک بێت، بە مانایەکی تر مرۆڤ لە مەیدانەکانی ئامانج و مەرام و مەبەست و کردار و گوفتاریدا هاوسەنگ بێت و ئەم مەیدانانەی وەکو یەک و هاوڕابن.

# حەوتەم:

# لێکدانەوەی سایکۆلۆژی بۆ قەیرانی دارایی و کاریگەرییەکانی و شێوازی مامەڵەی دروست

**د. زامدار محەمەد**

**پزیشکی دەروونی و مامۆستای زانکۆ**

قەیرانی دارایی واقیعە و بە دڵنیاییەوە کاریگەربی لەسەر باری دەرونی تاک دروست دەکات، ئەگەر لە ڕێگای کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانەوە بێت، وەک کەمبودی ماددی و نایەکسانییەکان، لێکترازانە کۆمەڵایەتیەکان، بێکاری، قەرزداربوون و خراپبون و دابەزینی ئاستی گوزەران. کاریگەریە ناڕاستەوخۆکانی لەسەر ئاستی خوێندن و پەروەردە و ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی گەشەکردنی عەقڵی. هەر لەبەر ئەم کاریگەرییانەیە، کە شیاوە گرنگی بدەین بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی داراییدا، لەڕوانگەی خۆپارێزییەوە.

لەڕاستیدا بێکاری، هەژاریی و لێکهەڵوەشانی خێزان وەک لێکەوتەی قەیرانی دارایی دەبنە هۆی چەندین گرفتی دەروونی لە دیارترینیان (خەمۆکی، زیادبونی ڕێژەی خۆکوژی و پەنابردن بۆ ئالودەبوون) و ئەمەش لەڕاستیدا بە دیکرا لە قەیرانی دارایی یۆنان(١).

خەمبار بوون بە قەیرانی دارایی وەڵامێکی ئاساییە بەرامبەر بە ڕووداوێکی نەخوازراوی پڕسترێس، تا ئەوکاتەی پاڵمان پێوە دەنێت بەرەو خۆگونجاندن و هەموارکردنی بارودۆخەکە، ناکرێت لە شوێنی خۆمان دەستەوەستان دابنیشین و چاوەڕێبکەین سەرجەمی دەرئەنجامە خراپەکان لە کۆمەڵگادا بە دیار بکەون. لەسەر ئاستی کۆمەڵگاو لە سەر ئاستی تاکیش

گرنگە بە شێکی زۆری چارەسەرەکە لە خۆمانەوە بێت، لە گۆرینی تێڕوانین و قەناعەتی خۆماندا بێت.

لە لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژییەکاندا دەرکەوتووە کە داهاتی تاک (Income) تەنها بە بڕ دیاری ناکرێت ، بەڵکو ڕوییەکی دیکەی بریتییە لە قەناعەتی خودی (Self-Satisfaction) ، بەواتایەکی دیکە ئەگەر چی بڕی دەسکەوتی تاک ( Individual income) یش زۆربێت بەلام خەرج زۆرتر بێت ئەوا کەمهێنان دروست دەبێت زۆرجار بۆ ئەو تاکە دەبێتە گرفتی دارایی. کەواتە قەناعەتی تاک ڕۆڵی کاریگەری دەبێت لە دیاریکردنی دروستبون و کاریگەری قەیرانی دارایی.

ڕێکخراوی تەندوستی جیهانی پێشنیازی چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی دارایی دەدات لەڕێگەی پێنج خاڵی کلیلی:[٢]

١- گرنگی دان بە بازاڕی هێزی کار.

٢- پڕۆگرامی پاڵپشتی خێزانی.

٣- کۆنترۆڵ کردنی نرخ و ڕێگریکردن لە دەسکەوتنی مادە هۆشبەرەکان.

٤- گرنگی دانی سەرەتا بەو کەسانەی زیاتر دوچاریان هەیە بۆ دەرکەوتنی کاریگەرییە خراپەکان. ( Vulnerable Groups)

٥- پڕۆگرامی ڕزگاربوون لەقەرز.

ئەو کەسانەی زیاتر ئەگەری دووچار بونیان هەیە وەک: (منداڵ، یەکباوان مابێت، کەسی بێکار کەمە نەتەوایەتیەکان، پەنابەرەکان و کەسە بەتەمەنەکان.

ئەوەی کەجێگای سەرنجە، ڕاستەوخۆ دوای ڕوودانی قەیرانی دارایی کەرتی تەندروستی زیانی پێدەگات و دەبێت لەوڵاتانی وەک ئێمەدا هەوڵی جدی بدرێت بۆ بەتەنگەوە بوونی تەندروستی گشتی. لەسەرئاستی تاکیش گرنگە هەنگاوی خۆ گونجاندنمان هەبێت بۆ مامەڵەکردن و ڕزگاربوون لە کاتی ڕوودانیی قەیرانی دارایی. ئەوەی گرنگە بۆتاک قەیرانی دارایی هەر تەنها بەهۆی هەرەسهێنانی حکومەتەوە ڕونادات، بەڵکو ئەکرێت بەهۆی لەدەستدانی کار، جیابونەوەی دووهاوسەر، مایەپوچبون، لەپڕنەخۆشکەوتن یان هەر ڕوداوێکی تر دروست ببێت. بە بێ گوێدانە هۆکارەکەی، قەیرانە داراییەکان هەمان دەرئەنجامییان لێدەکەوێتەوە: سترێسی، سەرلێتێکچوون، لەدەستدانی کۆنترۆڵ و لەدەستدانی متمانە.

وەک تاک چەند هەنگاوێک هەیە دەبێت بیگرینەبەر:

١. چیترکات بە فیڕۆ نەدەین، تەرکیز بکەینە سەرگرفتەکە، نەک بە فیڕۆدانی کات و خۆ لادان، گرفتەکە توندتر بکەین.

٢. کەمکردنەوەی خەرجیەکان، وەک دەوترێت نابێت چیتر سەرچاوەی بەهەدەردان بمێنێت.

٣.   ســـــود وەرگـــــرتن لەوســــــەرچاوانەی کە ئێـــــستا لەبەردەستدان پیشگەڕان وهەوڵدان بە هەر لایەکی دیکەدا.

٤.   پاشـــان دانـــانی پلانێـــک کە لە ڕاســـتیدا ئەمە ســـترێس کەمـــدەکاتەوە، جـــا ئـــایە ئەو پـــلانە بـــۆ دانەوەی قەرزبـــێ یـــان دەربردنبێت لەکاتی نەمانی سەرچاوەی دارایی.

٥.   پـــاش دانـــانی پـــلان دەبێـــت کـــاری فیعلـــی دەســـپێبکات. بۆنمـــونە:فرۆشـــتنی هەنـــدێ شـــتی ناپێویـــست تـــا قەرز کەڵەکە نەبێت.

٦.   نەشـــاردنەوەو ڕاوێژکـــردن بەکەســـی نزیـــک و متمـــانە پێکراو، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕوناکیەکی ترە و سترێس کەمتر دەکاتەوە.

٧.   نەشـــاردنەوەی ڕاســـتیەکان لەکەســـە نزیـــک و متمـــانە پێکراوەکانت، بەتـایبەت هاوسـەرەکەت ئەگەر خێزانداربیت، یـان ئەندامانی خێزانەکەت.

٨.   گرنگیدان بەخواردنی تەندروست و هاوسەنگ بەتایبەت میـــوە و ســـــەوزە تـــا یارمەتیـــدەرت بێـــت بە ئاســـانکردنی بیرکردنەوەی دروست، نەک خۆگرتنەوە لەخواردن.

٩.   وەرگرتنـــی ڕێـــستی تەواو ، لاشـــەیی ودەرونیـــی وەک: خەوی باش، تەکنیکی هێواشکردنەوە.

١٠.   هاوسەنگی خۆت لە دەستمەدەو بارودۆخەکە قبوڵبکە، لەجیاتی وتـنەوەی گرفتەکە بە بەردەوامـی و خـۆ تـوڕەکردن و

شڵەژان، تەرکیزت با لەسەر ڕێگای چارەسەر بێت و چیتر دانپیانەنان، هیچ خزمەتێک بە دەرئەنجامەکان ناکات.

گەر خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ ئەم قەیرانەی ئێستا ڕوی لە هەرێمەکەمان کردووە، بکەین، دەتوانین ئەوە بەدی بکەین کەزۆر لە تاکەکانی کۆمەلگاکەمان نایانەوێت یان ناتوانن قبوڵی قەیرانەکە بکەن و هەوڵی خۆگونجاندن (Adaptation) بدەن تا بەکەمترین زیان لێی دەربچن. لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کەیەکێک لە زاناکان دەڵێت: (مرۆڤ بە ئازار ناڕوخێت بەقەد ئەوەندەی بە ئازاری بێمانا دەڕوخێت)[٣]. ئەم دۆخە نالەبارەی بەرۆکی تاکەکانی کۆمەڵگاکەمانی گرتووە دەرئەنجامی کەمی سەرچاوەکان نییە، بەقەد ئەوەندەی دەرئەنجامی بەهەدەردانی سەرچاوەکان و بێ پلانی و مامەڵە نەکردنی دروست لەگەڵ سامانی گشتی هەرێم. هەربۆیە بێ مانایە، بەو واتایەی ناتوانین هۆکاری لۆژیکیان بۆبدۆزینەوە و هیچ کەسێک یان لایەنێک ئامادە نییە بەرپرسیارێتی ئەم شکستە لەخۆبگرێت.

لێکدانەوەیەکی دیکەی سایکۆلۆژی بۆ ئەوەی دەبینرێت لەشێوازی مامەڵەکردن لەتەک ئەم قەیرانەدا کەلەڕاستیدا جارێکی دیکە نا تەندروستە ئەگەرچی لەواقیعدا ئەگەری ڕوودانی هەیە، بریتیە لەوەی ئەم قەیرانە دارایەکە خۆی لەخۆیدا هەڕەشەیە (Threat) بەبێ گوێدانە هۆکارو

سەرچاوەی دروستبونەکەی مرۆڤ ڕوبەڕوی دوو ئەگەر دەکاتەوە: یان وەستان لەشوێنی خۆت و خۆئامادەکردن بۆڕوبەڕوبونەوە بەواتایەکی تر جەنگان دژی ئەو بارە نەخوازراوەی هاتۆتە پێش (Fight) یان پشتکردنەگرفتەکە و هەڵهاتن لێی (Flight). ئەمەش لە ڕووی سایکۆتۆژییەوە تیۆریایەکی تایبەت بەخۆی هەیە بەناوی ( Fight-Flight Theory) [٤].

## مرۆڤ کەی ڕوبەڕوی گرفتێك دەبێتەوە؟

لەڕاستیدا ئەوکاتەی هەست دەکات تواناکانی لەئاست ڕوبەڕوبونەوەی ئەو گرفتەدایەو و ئامرازی تەواوی لەبەردەستدایە، ئەم ڕاستییە سایکۆلۆژییە بنچینەییە، پێوستە لەبەرچاو بگیرێت لەدانانی پلان و چارەسەردا. بەپێچەوانەوە زۆرینەی خەڵک لەم قەیرانەدا ئەم دوو بنەمایەی نییە یان دەرک بەبونیان ناکات، هەربۆیە وادەردەکەوێت دەستەوسانن و پشتیان هەڵکردووەو چاوەڕوانی چارەسەری دەرەکین کەلەڕاستیشدا ئەم هیمادە دەرەکییە بوونی نییە.

چەمکێکی دیکە کەلەڕاستیدا کارپێکراوە بۆلێکدانەوەی بارودۆخی ئێستای هەرێم، بریتییە لە چەمکی تۆقینی ئابوری (Financial Panic). مانای تۆقین (Panic) لەڕاستیدا تەواو سایکۆلۆژییە وەک چەمکێک خوازراوە لە سایکۆتۆژیا

بۆلێکدانەوەی ئەو بارودۆخەی وەک کاردانەوە بۆ ئەو ناڕونییەی هەیە و لەواقیعی بازاڕو ئابوری. لێرەدا دەمانەوێت بڵێین کە ڕادەی قەیرانەکە لەڕاستیدا بەو جۆرە نییە، بەڵام قوڵی دەکاتەوە بۆ ترس و تۆقینێکی پەکخەر و شڵەژان بەجۆرێک کۆی کۆمەڵگا دەگرێتەوە. خۆئەگەر لەم بارودۆخەدا تەنیا موچەخۆرەکانی سەر بەکەرتی حکومی سەرچاوەی داراییان لەدەست داوە، ئەی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا کە موچەخۆری حکومی نیین بۆ زیاتر کاریگەرتر دەردەکەون؟

ڕاستە بەشێوەیەکی هەڵە خۆمان واڕاهێناوە کە مووچە سەرچاوەی بەشێکی زۆری جموجوڵی بازارە، بەڵام دەمەوێت بڵێم ئەوانەی ئەم گرفتە نەیگرتونەتەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ (ناموچەخۆرەکان)، بەهۆی ئەم تۆقینی بازارەوە لەکارو درێژەدان بە سەرمایە گوزارییەکانیان دەکشێنەوە و ئەمەش گرفتەکە چەندجارە دەکاتەوە. هەربۆیە لە چاپتەری پێنجەمی کتێبەکەیاندا (کندلبێرگەر و ئەلیبەر) پێناسەی تۆقینی ئابوری بەم جۆرە دەکەن {ترسێکی کتوپڕە لەبازاڕدا ڕوودەدات، بەبێ هۆیەکی دیاریکراو و دەبێتە هۆی ڕاگرتنی بازاڕ}(٥).

بارێکی دیکەی ساکۆلۆژی کە لە ئێستادا بەهەمان شێوە وەک ڕێگری لەبەردەم تاکەکانی کۆمەڵگای کوردیدا دەبینرێت، بریتیە لەنادڵنیایی (Uncertainty)، یان ناڕوونی ئاینده و نەتوانینی پێشبینیکردنی دروست بۆ دەرئەنجامی ڕوداوەکان.

ئەم دۆخەی دروستبووە لەڕووکەشدا وادەردەکەوێت هەموو لێکدانەوەکان دروستبن و لەهەمان کاتیشدا هیچ لێکدانەوەیەکیش دروست نییە! دەمەوێت بڵێم دۆخەکە زیاتر بە ژاوەژاو (Chaos) دەچێت تاهەر شتێکی دیکە.

دیوەکەی تری نادڵنیایی دەگەڕێتەوە بۆ بڕیار بەدەستەکان (Decision Makers) کەناتوانن دەرئەنجامە دەقیقەکان دیاری بکەن، هەربۆیە لەکارەکانیاندا بەناوی چاکسازی، گرفت گەلێکی دیکە دەخوڵقێنن، و بەو دەرئەنجامە دەگەین کەپەندە کوردییەکە دەڵێت (چاکی مەکە با خراپ نەبێت).

ئەوەی ئەم بەناوچاکسازییانە ڕادەگەیەنرێن و بەپێچەوانەوە گرفتی دیکە بەرهەم دێنن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیە سایکۆلۆژییەی کەدەڵێت بڕیاردان لەژێر بارودۆخی ناڕوندا (Decision Under Ambiguity) مەحاڵە دەرئەنجامی ڕوون و دروستی لێبکەوێتەوە! بۆیەدەبێت بەر بنەمای دیراسەو لێکۆڵینەوەی مەیدانی هەنگاوبنێین، تا بارودۆخەکە ئەگەری چاکسازی تێداماوە.

**سەرچاوەکان:**


(١)Economic Crisis and mental health, what do we know about current situation in Greece 2013.

(٢)Impact of economic crisis on mental health by WHO.

(٣)Franklin

(٤)Hilgards introduction to psychology

(٥)Kindelberger and Aleber, chap. IV

# کۆتایی

کۆتایی ئەم نامیلکەیە کۆمەڵێک پێشنیار و پرۆژەی کردەیی دەخاتە ڕوو بە مەبەستی سوود لێوەرگرتن و بڵاوکردنەوە و گرنگیدان بە رۆحی هاوکاری و بەدەمەوە بوون و بۆ یەکتر بوون:

یەکەم: قۆناغەکانی ئەم کارە وەک پرۆژەیەک:

أ. تەبەننی کردنی فیکرە و بەهاکانی نێو نامیلکەکە بۆ هەڵمەتی هۆشیار کردنەوە.

ب. دروستکردنی چەند تیمێک (دوو کەسی) بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئەدەبیاتە، و دەوڵەمەند کردنی بە نمونە و کردنی بە چەند سلایدێکی ڕوون و ئاشکرا.

ج. سوود وەرگرتن لە مامۆستایانی ئایینی و وتاربێژان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئەدەبیاتە.

د. سەردانی قوتابخانە و خوێندنگەکان و هەر دامەزراوەیەکی تر کە بەگونجاو بزانرێت.

د. سوود وەرگرتن لە هۆکارەکانی گەیاندن (بە تایبەت بۆ ئەو بەشەی پەیوەندی بە گیانی قەناعەت و پێکەوەبوون و هاوکارییەوە هەیە)، وەک:

- ریکلامی تەلەفزیۆنی.
- ریکلامی وێنەیی.
- بڵاوکردنەوەی پۆستەر و فلێکس.
- پێگەکانی ئینتەرنێت و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.
- سوود وەرگرتن لە کورتە نامە لە رێگای کۆمپانیاکانی مۆبایلەوە.

دووەم: نمونەی پرۆژەیەکی کردەیی:

(دروستکردنی سندوقی خێری ئامادە بۆ هەژاران)

١- تویژینەوە لەسەر چەند لایەنێکی گرنگ لە بازاردا و هەڵبژاردنی یەکێک لەو لایەنانە بۆ جێبەجێکردن وەک نمونە، دەکرێ (نان ی خێر لە نانەواکاندا وەربگیرێت).

٢- چەند کەسێک لە نانەواکان بانگ بکرێن و بۆچوونیان لەو بارەیەوە وەربگیرێت.

٣- پرۆژەکە دەبێتە ئەوەی کە (کەسێکی هەژار بتوانێت دوو نان لە نانەوا وەربگرێت بە بێ بەرامبەر).

٤- دابینکردنی نانی بێبەرامبەر لەلایەن نانەواکەوە دەبێت بەڵام لەسەر ئەرک و پارەی هاوولاتیان خێرەومەند.

٥- بۆرد و سندوقێکی ئاشکرا دیزاین دەکرێت بەشێوازێکی سەرنجراکێش و لە نانەواکاندا دادەنرێت کە خەڵکی نانکڕ، لە پاڵ نانکڕینەکەی خۆیاندا، (٢٥٠دینار) بە ئارەزوومەندانە دەخەنە ناو سندوقەکەوە بۆ کەسێک کە پێویستی پێیەتی.

٦- شێوازی داواکردنی نانی بێبەرامبەر لە لایەن کەسێکی نەدارەوە، بەوە دەبێت کە (٢٥٠دینار) ی ئەو سندوقە هەڵگرێت و بەوە داوای نان دەکات و تەنها دوو نان وەردەگرێت.

٧- دەکرێت لەسەرەتاوە پاداشتێک بە خاوەن نانەواکان بدرێت تا ئامادەبن بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە.

٨- پێش جێبەجێکردنی پرۆژەکە یان هاوزەمان لەگەڵ جێبەجیکردنیدا؛ هاووڵاتیان بەگشتی لەم پرۆژەیە ئاگادار دەکرێنەوە، هەم بەخشەر و هەم وەرگر.

٩- دەکرێت (٦مانگ تا سالێک) ئەم پرۆژەیە لە لایەن رێکخراوی سەرپەرشتیارەوە جێبەجێبکرێت و دواتر وەک کلتورێکی میللی بۆ خودی خەڵک بەجێبهێڵرێت.

١٠- بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە پێویستە پرۆپۆزەلێکی تێر و تەسەل بنوسرێت و لەلایەن رێککخراوە بەخشەرەکان یان سەرمایەدارانەوە فەند بکرێت.

١١- بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە پێویست بە ستافێکی ئیداری دەکات کە ئەرکی راپەراندنی بگرنە ئەستۆ کە لە (١٠) کەس کەمتر نابن.